# The identity of the Jews of Iraqi Kurdistan

Star Shekh Hassan[1], Mahammad Abdulla Kakasur[2]
[1] History Department, Faculty of Arts, Soran University,
[2] History Department, College of Arts, University of Salahaddin

*DOI: https://doi.org/10.31918/twejer.2473.09*
*Published: 23/12/2024*

## *Abstract*

*The study, entitled The Identity of the Jews of Iraqi Kurdistan, explains the identity of the Jews who, as an ancient community, have lived in a large area of Iraqi Kurdistan for many years, preserving their religious and ethnic identity despite their division and minority. Based on historical evidence, the study attempts to prove the religious and ethnic identity of the Jews, which is controversial and different opinions of experts in this field, between those who recognize the Jewish people as a nation and those who think otherwise they believe that the only difference between them is religion, with those who believe that they are of a different ethnicity, In addition to the opinion that part of the indigenous Kurdish nation converted to Judaism and are racially different from the indigenous Palestinian Jews and their common point was religion. The study showed that the dominant ethnic group of Kurdish Jews are the remnants of Palestinian Jewish captives who were brought to the region since the Assyrian period and spread in Kurdistan and some of the people of the region converted to Judaism at a historical stage.*

***Keywords:*** *Jewish, Kurdistan, Religion, Ethnicity, Identity*

# شوناسی جووەکانی کوردستانی عێراق ١٩٢١-١٩٥١

پ. د. محەمەد عەبدوڵلا کاکەسوور
زانکۆی سەلاحەدین
makakasur@yahoo. com
م. ستار شێخ حەسەن
زانکۆی سۆران
star.hasan@soran.edu.iq

**پوختەی توێژینەوە:**

ئەم توێژینەوەیە، بە ناونیشانی شوناسی جووەکانی کوردستانی عێراقە، ناسنامەی ئەو جووانە رووندەکاتەوە کە وەک پێکهاتەیەکی دێرین سالانێکی زۆر لە ناوچەیەکی بەربلاوی کوردستانی عێراقدا ژیاون، وێڕای پەرتەوازەیی و کەمینەییان پارێزگارییان لە ناسنامەی ئاینی و ئیتنی خۆیان کردووە.

لە توێژینەوەکەدا بە پشتبەستن بە بەڵگەی مێژوویی، هەوڵدراوە شوناسی جووەکان لە ڕووی ئاینی و ئیتنیکییەوە کە جێی مشتومڕ و رای جیاوازی شارەزایانی ئەو بوارەن ساغبکرێتەوە، لە نێوان ئەوانەی گەلی جوو وەک نەتەوە دەناسێنن و ئەوانەی پێچەوانەی ئەمە بیردەکەنەوە، هەروەها لە نێوان ئەوانەی وەک بەشێک لە نەتەوەی کورد دەیانناسێنن و پێیانوایە تەنها جیاوازیی نێوانیان ئاینە، لەگەڵ ئەوانەی بە پێچەوانەوە پێیانوایە لە ئەتنیکێکی جیاوازن، جگە لەو رایەی کە بۆ ئەوە دەچێت بەشێکی نەتەوەی ڕەسەنی کوردستان ئاینی یەهودییان وەرگرتووە و بە ڕەگەز جیاوازن لەگەڵ جووە فەلەستینییە ڕەسەنەکان و خاڵی هاوبەشیان ئاین بووە.

توێژینەوەکە دەریخستووە کە ڕەگەزی زاڵی جووەکانی کوردستان پاشماوەی جووە بەدیلهێنراوەکانی فەلەستینن کە لە سەردەمی ئاشوورییەکانەوە بە دواوە هێنراونەتە ناوچەکە و لە کوردستاندا بڵاوبوونەتەوە و بەشێک لە خەڵکی ناوچەکەش لە قۆناغێکی مێژوویدا چوونەتەسەر ئاینی جوو.

**وشە کلیلییەکان**: جوو، کوردستان، ئاین، ئیتنیک، ناسنامە.

# شوناسی جووەکانی کوردستانی عێراق ١٩٢١-١٩٥١

## پێشەکی:

جووەکانی کوردستان پێکهاتەیەکی ئاینی و ئەتنیکی بوون کە سەردەمێکی زۆر لەپاڵ پێکهاتەکانی دیکە لە ناوچەکەدا ژیاون و تایبەتمەندییەکانی خۆیان پاراستووە و ئاین و نەریتەکانی خۆیان پیادەکردووە، ئەوان هەرچەندە کەمینە بوون، بەڵام بەشێکی دیاری کۆمەڵگەی کوردستانی بوون.

گرنگیی ئەم توێژینەوەیە لەوەدایە کە بە پشتبەستن بە بەڵگەی جۆراوجۆر شوناسی ڕاستەقینەی جووەکانی کوردستان لە ڕووی ئاینی و ئەتنیکییەوە دیاردەکات و پەیوەندیی ئاینی و ئەتنیکییان لەگەڵ کورد ڕووندەکاتەوە.

توێژینەوەکە بەدوای وەڵامی ئەو پرسیارەدا گەڕاوە ئاخۆ جووەکانی کوردستانی عێراق کە لە سەردەمی نوێ لە کوردستاندا ژیاون پاشماوەی هەمان ئەو جووانەن کە لە سەردەمی کۆن بە دیل هێنراونەتە ناوچەکە و ڕەسەنایەتییان مابووە، یان هەر بەشێکی ڕەسەنی خەڵکی ناوچەکە بوونە بەهۆی جیاوازیی وەرگرتنی ئاینی یەهودی و دەستپێوەگرتنیەوە لە زۆرینەی دانیشتوانی کوردستان دابڕاون. بە مانایەکی دیکە، ئایا جووەکانی کوردستان لە ڕووی ئەتنیکییەوە کوردن یان ڕەگەزێکی دیکە. بۆ گەیشتن بە وەڵامی پرسیاری توێژینەوەکە، ئەم توێژینەوەیە باس لە سەرەتای هێنان و هاتنی جووەکان لە سەردەمی پێش زاینی لەسەر دەستی ئاشوورییەکانەوە بۆ کوردستان دەکات.

توێژینەوەکە بە سێ تەوەرە شوناسی جووەکانی کوردستان دەردەخات کە بریتین لە ڕەچەڵەک و بیروباوەڕیان، سەرەتای هاتنیان بۆ کوردستان و ناسنامەی ئیتنییان، بۆ ئەمەش پشت بەو سەرچاوانەی باس لە سەرەتای هێنانی جووەکان دەکەن بەستراوە، بە تایبەتی سەرچاوەی ڕەسەن و ڕای خودی جووەکان کە پێداگری لەسەر شکۆ مێژووییەکەیان دەکەنەوە.

لەم توێژینەوەیەدا ڕێبازی شیکاری-بەراوردکاری پاڵپشت بە پێناسەکانی ناسنامەی نەتەوەیی و کەمینە پەیڕەوکراوە، بابەتیانە باری نەتەوەیی و ئاینیی جووەکانی کوردستان بەپێی پەرەسەندن و پێشهاتە مێژووییەکان و تایبەتمەندی و سروشتی ژیانیان لە ناوچەکە ڕوونکراوەتەوە.

سەرەڕای ئەوەی کە لە قۆناغێکدا بەشێکی خەڵکی ناوچەکە چوونەتە ناو ئاینی جوو، بەڵام هێشتا پاشماوەی ڕەگەزی جووەکانی فەلەستین زاڵبووە و ئەوانی دیکە ئەگەر ئاینەکەشیان وەرگرتبێ ڕەچەڵەکیان ونبووە، لەکاتێکدا ڕەچەڵەکی جووە ڕەسەنەکان وننەبووە و بەهۆی ئەو ژینگەیەی لەو ماوە دوور و درێژەدا تێیدا ژیاون خۆیان گونجاندووە، بە جۆرێک لە زۆر ڕووەوە لە کورد جیانەکراونەتەوە و خاڵی هاوبەشیان لەگەڵ

نەتەوەی کورد زۆربووە، بەڵام لە کۆمەڵێک خاڵی دیکەدا تەواو جیاواز بوون و هەڵگری کۆمەڵێک نەریت و خەسڵەتی تایبەتی بوون، کە جیای دەکردنەوە لە نەتەوەی کورد و شوناسەکەیانی بە زیندوویی هێشتبووەوە.

**ڕەچەڵەک و بیروباوەڕی جووەکان:**

جوو یان یەهودی لە سەردەمە مێژووییەکاندا بە سێ ناوی سەرەکی ناویان هاتووە، وەک (عیبری، ئیسرائیلی، جوو- یەهودی)، هەریەک لەو ناوانەش ڕەهەندی تایبەتی خۆی هەیە و لە سەردەمێکی تایبەت بەکارهاتوون، جگەلەوەی هەریەکەشیان ئاماژەن بۆ قۆناغێکی مێژوویی دیاریکراو لە قۆناغەکانی مێژووی جوو.

دەستەواژەی عیبری یەکەم دەستەواژەی بەکارهاتووە بۆ جووەکان، یەکەم جاریش ئەم وشەیە لە تەورات لە پەرتووکی دروستبوون- پەیدابوون (سفر التكوين)[i] بەکارهاتووە و بە شێوەی (عیبرانی) دراوەتەپاڵ ناوی ئیبراهیم پێغەمبەر، هەروەک دەڵێت: "یەکێک لە دەربازبووان هات و بە ئەبرامی عیبرانی ڕاگەیاند" (کتێبی پیرۆز، پەرتووکی پەیدابوون، ١٤: ١٣)، ماناکەشی بریتییە لە بڕینی قۆناغێکی ڕێگا یان دەربازبوون و پەڕینەوە لە دۆڵ یان لە ڕووبار (مهران، ١٩٩٩: ٢٩ ؛ بیومي، ٢٠١٦: ٨)، لەو بارەیەوە ئەحمەد سوسە پێیوایە وشەی عیبری یان عیبرانی بە چەند سەدەیەک پێش هەبوونی ئیسرائیلی و یەهودی و موسەوی بووە، بۆ ئەمەش قورئانی پیرۆز دەکاتە بەڵگە کە بە هیچ شێوەیەک ئاماژە بە دەستەواژەی عیبری ناکات، هەروەها پێیوایە یەکەمجار حاخامەکان دەستەواژەی عیبریان بۆ یەهودییەکان بەکارهێنا (سوسة، ٢٠١٤: ٧٥).

سەبارەت بە ناوی ئیسرائیل ئەوا دەگەڕێتەوە بۆ پێغەمبەر یەعقوبی کوڕی ئسحاق و بەنی ئیسرائیلیش دوازدە کوڕەکانیەتی (طعيمە، ب.س: ١٥٧)، هەروەک خوای گەورە لە قورئانی پیرۆزدا دەفەرموێ: (كُلُّ ٱلطَّعَامِ كَانَ حِلًّا لِّبَنِيٓ إِسۡرَٰٓءِيلَ إِلَّا مَا حَرَّمَ إِسۡرَٰٓءِيلُ عَلَىٰ نَفۡسِهِۦ مِن قَبۡلِ أَن تُنَزَّلَ ٱلتَّوۡرَىٰةُۚ قُلۡ فَأۡتُواْ بِٱلتَّوۡرَىٰةِ فَٱتۡلُوهَآ إِن كُنتُمۡ صَٰدِقِينَ) (سورة آل عمران، آية ٩٣).

سەبارەت بە مانای ئیسرائیل چەند ڕایەک هەن، لەوانە؛ (ئیسرا) بە مانای بەندە یان سەفوە یان سەرباز، (ئیل)یش بەمانای خودا دێت واتە بەندەی خودا یان سەربازی خودا، ڕایەکی دیکە دەڵێ واتە ئیل فەرمانڕەوایەتی بکات (ليحكم ايل) یان ئیل فەرمانڕەوایی دەکات (ايل يحكم)ە، ڕای سێیەم دەڵێ بە مانای لەگەڵ خودادا تێدەکۆشێت (يجاهد مع الله) دێت، بۆچوونێکی دیکەش دەڵێ مانای (بەهێز بەرانبەر خواوەند) یان (سەرکەوتوو بەسەر خواوەند) دەگەیەنێت (مهران، ١٩٩٩: ٣٥-٣٦).

هەرچی دەستەواژەی (یەهود)ە لە ڕووی دەرکەوتنی مێژوویی و بەکارهاتنیەوە لەدوای ناوەکانی عیبری و ئیسرائیلی دێت، وەک دەربڕینێکی گشتی بە هەموو ئەوانە دەگوترێت کە لەسەر ئاینی یەهودین و باوەڕیان پێیەتی، بۆیە زیاتر دەربڕینێکی ئاینییە، وەک دەربڕینێکی تایبەتیش ئاماژەیە بۆ قەوارەی سیاسی شانشینی

یەهودا (احمد، ١٩٩٨: ٢٩)، لە زۆر زمانیش دەربڕینی نزیک لەوە هەیە، بۆچوونێک پێیوایە دەربڕینێکی عەرەبییە لە وشەی (هود) هاتووە بە مانای باوەڕهێنان، بۆچوونێکیش بۆ ناوی (یهوذا)ی کوڕی چوارەمی یەعقوب دەیگەڕێنێتەوە (سوسة، ٢٠١٤: ٧٨)، ڕایەکی دیکە پێیوایە بۆ ناوی خواوەندەکەیان (یەهوا) دەگەڕێتەوە، یەکێک لە ڕایەکانیش ماناکەی بە (تەهەود) تۆبە یان گەڕانەوە بۆ حەق لێکدەداتەوە (سوسة، ٢٠١٤: ٣٨).

بۆچوونێک بە پشتبەستن بە پێشینەی مێژوویی و بنەچەی جووەکان بەکارهێنانی دەستەواژەی عیبری بە شیاوتر دەزانێ، چونکە دەستەواژەی یەهودی دەگەڕێتەوە بۆ یەهودا کە ئەمەش لە دوای موساوە بووە، موسەویش لەبەرئەوەی موسا پێغەمبەر لەدوای یەعقوب و ئیسحاق و ئیبراهیمەوە بووە، هەرچی ئیسرائیلە گەڕانەوەیە بۆ ئیسرائیل کە یەعقوبی کوڕی ئیسحاقە، بەڵام ئیبراهیم خەلیل کە باپیرە گەورەی هەموویانە بە عیبری ناسراوە، بۆیە بەکارهێنانی عیبری گونجاوترە (کاکەسوور، ٢٠٠٢: ١٨٨).

شیاوی باسە جگە لەو ناوانە زۆرجار (موسایی یان موسەوی)یشیان پێ دەڵێن، کە دەگەڕێتەوە بۆ موسا (مۆشێ) پێغەمبەر، وێڕای ئەوەی لە عێراق و کوردستان بە فەرمیش ئیسرائیلی و موسەوی و یەهودی بەکارهاتووە، لەنێو کورددا جگە لەوانە (جوو)شیان بۆ بەکارهێناون.

لە دەوڵەتی عێراقیش ئەو دەستەواژانە بەپێی کات گۆڕانکارییان بەسەرداهاتووە، لە بەڵگەنامە فەرمی و حکومییەکاندا هەر سەردەمێک ناوێک بەرانبەر تائیفەی جوو بەکارهاتووە، ئەو ناوانەش لەنێوان یەهودی و موسەوی و ئیسرائیلی گۆڕانکارییان بەسەرداهاتووە، حکومەتی عێراق بە هۆکاری سیاسی و ئاینی و نەتەوەییەوە ئەو گۆڕانکارییانەی ئەنجامداون، واتە بەکارهێنانی ئەو دەستەواژانە چ لای حکومەت چ لای جووەکان خۆیانەوە ڕەهەندی جیاوازیان هەبووە، حکومەتی عێراق لە دوای دانانی یاسای تایبەت بە جووەکان لە ساڵی ١٩٣١ ناوی تائیفەی ئیسرائیلی بۆ دانان (مجموعة قانون الطائفة الاسرائیلیة، ١٩٣٢: ١)، لە هەمان کاتدا لە زۆر بەڵگەنامەی جۆراجۆر لە بەرانبەر ناوەکانیان دەستەواژەی یەهودی یان موسەوی بەکارهاتووە، بە تایبەتی لە تۆماری قوتابخانەکان و ڕۆژنامەکاندا، پاش دروستبوونی دەوڵەتی ئیسرائیل و کۆچکردنیان ١٩٥٠-١٩٥١ حکومەتی عێراق ناوی تائیفەکەی کردە تائیفەی موسەوی، دیارە ئەمەش بەهۆی هەستیاری بەرانبەر وشەی ئیسرائیل بووە.

لەنێو ئەو ناوانەی لە کوردستاندا بۆیان بەکاردێت ناوی (جوو) یان (جوهی) لە ناوچەی بادینان و (یاودی) لە ناوچەی گەرمیان کە لە یەهودی وەرگیراوە بەربڵاوە، لە زۆر زمانیش دەربڕینی نزیک لەوە هەیە بە تایبەتی لە ئینگلیزی کە بە (*Jew*) ناودەهێنرێن، (جوولەکە)ش دەربڕینێکی دیکەیە کە لە کوردستاندا لە هەموویان زیاتر لەسەر زاران بڵاوتر بووە، زۆرێک پێیانوایە وەک سوکایەتییەک پاشگری (لەکە)ی بۆ زیادکراوە. جوو

لەنێو کورددا بۆتە ناوی ئیتنی و ئایینی گەلی جوو، یەهودیش زیاتر بۆ ئاینەکە بەکاردێت. عیبریش هەرچەندە بۆ جووەکان بەکاردێت، بەڵام زیاتر بۆ زمانی عیبری بەکاردێت کە زمانی جووەکانە.

دەستەواژەی (جوو- یەهودی) ناسنامەی تایبەتی جووەکانە، ئەو ناسنامەیەش بە پلەی یەکەم ئاینییە دواتریش ئەتنیکی، بۆیە بیری ئاینی یەهودی لە هزری جووەکاندا پانتاییەکی فراوان و گەورەی داگیرکردووە، هەر ئەوەش وایکردووە ڕێنماییە ئاینییەکانیان پشکی گەورەی لە ڕەفتار و گوفتاریاندا هەبێت، هەر ئەو بیروباوەڕەشیان کاریگەری لەسەر ژیان و چارەنووسیان دروستکردووە.

سەبارەت بە ڕەگ و ڕیشەی ئاینی جوو ڕای جۆراوجۆر لەنێو نووسەر و توێژەران و خودی جووەکان و بەرانبەرەکانیشیان هەن، هەر ڕایەک مێژووەکەی بۆ سەردەمێک و کەسێک دەگەڕێتەوە، هەندێکیان بۆ ئیبراهیم پێغەمبەر و هەندێکی دیکە بۆ موسا پێغەمبەر. لە لایەکی دیکەوە سەبارەت بە پێغەمبەرەکانیان لای جووەکان ناوەکان جیاوازییان هەیە وەک ئەوەی لای موسڵمانەکان، هەندێک لە ناوی پێغەمبەران لای هەردووک لا ناسراون، بەڵام جووەکان پێغەمبەرایەتی دەدەنەپاڵ هەندێ ناوی دیکە کە لای موسڵمانان بە پێغەمبەر نەناسراون، هەرچەندە ئەو ناوانەی موسڵمانان سەرچاوەیان قورئانی پیرۆزە، قورئانیش ناوی ئەو ژمارە زۆرەی پێغەمبەرانی نەهێناوە، بۆیە دەکرێ ئەو ناوانە لەوانەبن کە قورئان ناوی نەهێناون یان لە پیاوچاک و چاکسازەکانی کۆمەڵگەی جووەکان بن.

لە دیدی موسڵمانان جوو- یەهودی وەک ئاین لە شوێنکەوتووانی موسا پێغەمبەرن، هەروەها لە کوڕەکانی یەعقوبی کوڕی ئیسحاق کوڕی ئیبراهیمن سڵاوی خوایان لێبێت کە لەسەر بانگهێشتی یوسفی کوڕی یەعقوب چوونە میسر و لەوێ ژمارەیان زیادیکرد، هەموویان لە نەوەی دوازدە ئەسباتی یوسف و براکانیانن، لەوێ تێکەڵی میسرییەکان نەبوون و خۆیان جیاکردۆتەوە، لەنێوخۆشیاندا هەر بەرەبابێک ڕەگ و ڕیشەی خۆی پاراست و شانازییان پێوەدەکرد و خۆیان لەوانی دیکە بە باڵاتر دەزانی، بەوپێیەی لە نەوەی پێغەمبەرانن (الرفاعي، ب.س: ١).

گۆستاف لۆبۆن پێیوایە مێژووی ڕاستەقینەی جوو (یەهود) لە سەردەمی پاشاکانیان دەستپێدەکات، بەنی ئیسرائیل تاکو سەردەمی شائول لە ئومەت کەمتربوون، بەڵکو کۆمەڵی پەرش و بڵاوی هۆزەکانی سامی بوون، وەک هەر هۆزێک لە سەرەتادا لە خێزانێک پێکدەهات، یەک باپیرەیان هەبوو کە لای بەنی ئیسرائیل بە یەعقوب یان ئیسرائیل ناودەبرا، ئەویش لە نەوەکانی ئیبراهیمە، دیارە ژمارەیەک لە هۆزە بچووکەکان خۆیان دەگێڕنەوە سەر پێغەمبەر ئیبراهیم، بەڵام عیبرییەکان تەنها خۆیان بە نەوەی شەرعی ئیبراهیم دەزانن، وێڕای داننانیان بە نزیکیی ئەوانی دیکەش لێیان (لوبون، ٢٠١٩: ٤٢). جووەکان لە نووسراوەکانیاندا تەنانەت سەرکردە سیاسیەکانیشیان بانگەشەی ئەوە دەکەن کە گەلەکەیان لە خاکی عێراق (وڵاتی ڕافیدەین)ەوە لە

شاری ئوری کلدانی لەگەڵ پێغەمبەر ئیبراهیم خەلیل ئاوارەی خاکی کەنعان- فەلەستین بوونە، بەمەش بانگەشەی ئەوە دەکەن کە نیشتیمانی ڕەسەنیان عێراقە و کۆنترین تائیفەی جوو لە جیهان لە عێراق بوونە (رجوان، ٢٠١٨: ١١؛ درويش، ٢٠٢١: ٢١).

بیروباوەڕی جووەکان لەسەر بنەمای خوداپەرستی بنیادنراوە، خودا لای ئەوان بە (یەهوا) دەناسرا، پێیانوابوو یەهوا لە هەموو شوێنێک لەگەڵیاندایە، ئەوان گەلی هەڵبژاردەی ئەون و هەر ئەویش خواوەندی تاک و تەنهایانە، باوەڕیان بەوە بوو، کە گوناهەکانیان سەرچاوەی ئازارەکانیانن (مەزهەر، ٢٠٠٨: ٣٦٠)، ئەو جۆرە بیروباوەڕە لە هەڵسوکەوت و مامەڵەی ڕۆژانەی جووەکانی کوردستان ڕەنگیداوەتەوە، بۆیە بەهۆی ئەو ڕەفتارانەیان ناوبانگیان دروستکردووە و وای لە دەوروبەر بە تایبەتی کورد کردووە تارادەیەکی باش ڕوانینی ئەرێنییان بەرانبەریان هەبێت و کەمتر بە مەترسی بیانبینن.

لە گرنگترین ئەو بیروباوەڕە ئاینییانەی جوو کە پەیوەندییان بە هەڵسوکەوتیانەوە لە کوردستان لەگەڵ غەیرەجوو هەبوو، ڕێگەنەدان بە فێڵکردن لە مامەڵەی بازرگانی و کڕین و فرۆشتن کە بە گوناحێکی گەورە دادەنرێت، هەروەها لە نرخدا ئەگەر نرخەکە زیاد لە سنووربێت، بە تەواوی دزیکردن قەدەغەبوو، ئەمانە نەک هەر بەرانبەر جوو بەڵکو بەرانبەر بە غەیرەجووش ڕێگەپێدراو نەبوون، بە تایبەتی لە شوێنێک جوو حاکم نەبێت و تێیدا قوربانی بێت (شاحاك، ٢٠١١: ١٤٨-١٤٩).

سەرچاوەی هەرە گرنگی هزری جووەکان کتێبی (پەیمانی کۆن- العهد القديم)[ii]ە، کە تەورات بەشە گرنگەکەیەتی و بەهۆی بایەخەکەیەوە کە بۆ موسا پێغەمبەر دەگەڕێتەوە ئەو ناوە بەسەر هەموو پەیمانی کۆندا براوە، ئەویش بە مانای شەریعەت یان ڕێنماییەکانی ئاین (عيد، ١٩٩٥: ٩٣).

سەبارەت بە ناسنامەی نەتەوەیی، کیلفۆرد گیرتز کە سەر بە قوتابخانەی نەژادگەراکانە، پێیوایە زمانی هاوبەش و پەیڕەوکردنی ئاینێک، لەدایکبوون لە خێزانێک، پەیدابوون و پەروەردەبوون لەناو مێژوویەکی دیاریکراو یان ژیان لە شوێنێک، هەموویان پێکەوە یان بەجیا، ئەو ئینتیما گرنگانە پێکدەهێنن کە شوناسی مرۆڤەکان دیاریدەکەن، ئەو پەیوەندی و ئینتیمایانە ئەو فاکتەرانە لەخۆدەگرن، کە دەبنە مایەی لەخۆگرتنی کەسانێک و وەلانانی کەسانێکی دیکە (*Geertz, 1963: 105-157*).

ڕای جیاواز هەن سەبارەت بەوەی جووەکان کۆمەڵێکی نەتەوەیی یان ئاینی  یان تێکەڵن، بۆ ئەمەش کۆمەڵێک بیرمەندی جیهانی، جوو وەک ئاین سەیردەکەن و پێیانوایە هەرگیز نەتەوە و ڕەگەزێکی دیاریکراوی نییە وەک چۆن مەسیحیەت ئاینە یەهودیەتیش ئاینە (عطا، ٢٠٠٣: ٢١). لە بەرانبەردا ڕابەرانی ناسیۆنالیزمی جوو بانگەشەی نەتەوەبوون دەکەن بە جۆرێک پێیانوایە جووەکان گرووپێکی ئیتنیکین، کە لە چەندەها تایبەتمەندیی کلتووری وەک ئاین و زمان هاوبەشن، هەروەک تیۆدۆر هێرتزل یەکێک لەو

بانگەشەکارانەیە، هەروەها بەلفۆری وەزیری دەرەوی بریتانیاش لە بەڵێننامەکەی ساڵی ١٩١٧ جووی بە نەتەوە هەژمارکردووە، لە هەمان کاتدا بۆچوونی دیکە هەن، جووەکان لە خەسڵەتی نەتەوە دادەماڵن و بە خەڵکانێکی فرەنەتەوەی هاوئاین دایاندەنێن، بەوپێیەی لە کۆندا ئاینەکە داخراو نەبووە و لەنێو نەتەوەکانی دیکە بڵاوکراوەتەوە، بۆیە لە نەتەوەی جیا پێکهاتوون (عطا، ٢٠٠٣: ١٩-٢١). زۆرێک لە جووەکانیش خۆیان بە تائیفەیەکی ئاینی وەسفکردووە (شاحاك، ٢٠١١: ٣٧) ، هەروەک باڵاترین مەرجەعیان (حاخام سەعدیا جائون)[iii] لە سەدەی دەیەمی زاینی دەڵێ: "گەلەکەمان تەنها بەهۆی تەورات گەلە" (شاحاك، ٢٠١١: ٦١)، بەڵام لە ئێستادا نەتەوە و خوێن لای ئەوان لەپێش ئاینەوەیە بە بەڵگەی ئەوەی کەسێک ئەگەر لە بنەچەدا جوو نەبێت ناتوانێ بچێتەسەر ئاینی جوو، لەهەمان کاتدا هەر کەسێکی ڕەگەز جوو ئاینیش بگۆڕێت دەتوانێت بگەڕێتەوە ناو جوو.

سەرەڕای هەموو ڕایە جیاوازەکان ئەوەی ڕوونە ئاین و نەتەوایەتی لە دیدی جووەکان دوو شتی تێکهەڵکێشن و لێکجیاکردنەوەیان ئەستەمە، چونکە بەهۆی ئاینەوە پەیوەندییەکی زۆر بەهێز جووەکان بەیەکەوە دەبەستێتەوە، بۆیە جووەکان بوونەتە کۆمەڵێکی ئاینی- نەتەوەیی (کاکەسوور، ٢٠٠٢ : ١٨٨-١٨٩)، کەواتە جوو هەم ئاین هەم نەتەوەشە، هەرچەندە بەهۆی تێکەڵبوونی نەتەوەکانی دیکە بەهۆی ئاینەوە وەک ڕەگەزێکی خاوێنی نەهێشتوونەتەوە.

**سەرەتای هاتنی جوو و ئاینەکەیان بۆ کوردستان:**

کوردستان یەکێکە لەو حەوت ناوەندە سەرەکییانەی ڕۆژهەڵات[iv] کە جووەکانی تێدا نیشتەجێبوون و سەردەمێکی زۆر تێیدا ژیاون، زۆرینەی ئەو جووانەش کەوتوونەتە ئەو بەشەی کوردستان کە بەپێی دابەشکاریی سیاسی بۆتە بەشێک لە سنووری دەوڵەتی عێراق، واتە باشووری کوردستان، بەشێکیشیان وەک چۆن خاکی کوردستان دابەشبووە، ئەوانیش کەوتوونەتە ئەو بەشانەی دیکەی کوردستان لەنێو دەوڵەتانی سوریا و تورکیا و ئێران.

مێژووی جووەکانی کوردستان ئاستەنگ و ناڕوونیی زۆری تێدایە، بە تایبەتی وەک ئێریک براور دەڵێ جووەکانی کوردستان هەرگیز بایەخیان بە مێژوو نەداوە، هیچ تۆمارێکی مێژووی خۆیان بەجێنەهێشتووە، هیچ یەکێکیان شتێکی لە مێژووی کۆنی خۆیان نەدەزانی، ئەو ڕووداوە مێژووییانەی لە یادەوریشیاندا بوون یان لەسەرزار مابوونەوە مێژووەکەیان لە سەدەیەک تا سەدە و نیوێک تێپەڕی نەدەکرد (براور، ٢٠٠٩: ٦٠)، توێژەرێکی دیکەش پێیوایە بە ڕاستی لە تۆمارە مێژووییەکاندا هیچ لەبارەی مێژووە کۆنەکەیان لە ناوچەکە نابینرێ، تاکو هاتنی هەندێ گەڕیدەی جوو لە سەدەکانی ناوەڕاست و نوێدا، کە هەندێ زانیارییان لەبارەیانەوە تۆمارکردوون (*Fischel, 1944: 196*).

هاتنی جووەکان بۆ کوردستانی عێراق و بڵاوبوونەوەی ئاینەکەیان لە ناوچەکە هاوکاتە لەگەڵ هاتنی چەند شەپۆلێکی جووەکان بۆ عێراق و ناوچەکە، شەپۆلی یەکەمیان دەگەڕێتەوە بۆ سەردەمی ئاشوورییەکان (٩١١-٦١٢ پ.ز)، بەڵام زانیاریی جیاجیا لەبارەی هێنانی یەکەمین گرووپەکانی جوو بۆ کوردستان وەک دیل و دۆڕاوی جەنگ لەلایەن ئاشوورییەکانەوە هەن، بە تایبەتی کە لەماوەی سەدەکانی نۆیەم تاکو حەفتەمی پێش زایینی پاشاکانی ئاشووری کە دەسەڵاتەکەیان لەوپەڕی فراوانیدابوو یەک لەدوای یەک هێرشیان بردۆتەسەر شام و یەهودا و ئۆرشەلیم، هەریەکەشیان دوای سەرکەوتنیان دەسکەوتی مرۆیی و ماددیان هێناوەتەوە ناوچە شاخاوییە سەختەکانی کوردستانی عێراق (سوسة، ٢٠٠١: ٢٣)، یەکەمین هێرشیان ئەو کاتەبوو کە شای ئاشووری (شلیمانسەری سێیەم ٨٥٨-٨٢٤ پ.ز) لە نزیک دیمەشق لە ساڵی ٨٥٣ پ.ز بەسەر دەسەڵاتدارانی سوریا سەرکەوت، یەکێک لەو دەسەڵاتدار و شایانەش جوو بوو، لە ئەنجامدا ئاشوورییەکان ژمارەیەک دیل (سبی)ی جووەکانیان گواستەوە ناوچەکانی دیکەی فەرمانڕەوایەتییان، هەندێک سەرچاوە پێیانوایە بەشێک لە جووەکان ئەوکات هێنراونەتە کوردستان و لەوێ ماونەتەوە و توانیویانە بیروباوەڕی ئاینیی جوو لە کوردستان بڵاوبکەنەوە (ئیزەدی، ٢٠٠٧: ٣٧٠)، بەڵام لە ڕاستیدا بەڵگەی ورد بۆ سەلماندنی ئەو بۆچوونە بەردەست نییە، بەڵکو زیاتر پشت بە لێکدانەوە بەستراوە.

لە کاتێکدا شای ئاشوورییەکان تیگلات بلاسەری سێیەم (٧٤٤-٧٢٧ پ.ز) کە سەردەمەکەی بە سیاسەتی داگیرکاریی فراوانی زەوییەکان جیادەکرێتەوە، ئامانجی ژێردەستەکردنی هەموو سوریا و فەلەستینی هەبوو، لەوکاتەدا ئەو ناوچانە لە دۆخی ناسەقامگیریدا بوون و ململانێ نێوخۆییەکانیان بەو ئاراستەیدا برد، کە بۆ زاڵبوون بەسەر نەیارەکانیان خۆیان داوای هاوکاری لە تیگلات بلاسەر بکەن، بەم شێوەیە تیگلات بلاسەر توانی هەژدە پاشای ناوچەکە ملکەچ بکات و بە ناچاری باج و دیاریی بەنرخی پێببەخشن، لەوانە (مناحیم) پاشای ئیسرائیل، جگە لە بە دیل بردنی ژمارەیەکی زۆری خەڵکەکەی و نیشتەجێکردنی ئەو دیلانەی کە لە شوێنەکانی دیکە هێنابووی لە شوێنیاندا (شیر، ٢٠٠٧: ١٢٣)، بەڵام دواتر بەهۆی ڕاگرتنی باج و هاوپەیمانیبەستن لەگەڵ میسرییەکان، ئاشوورییەکان جارێکی دیکە لە سەردەمی شلیمانسەری پێنجەم (٧٢٧-٧٢٢ پ.ز) هێرشیان بردەسەر شانشینی ئیسرائیل و سێ ساڵ (سامیرە) گەمارۆ درا (کتێبی پیرۆز، سفری دووەم پاشایان، ١٧: ٣-٥)، هەندێ سەرچاوە ئاماژە بە گیرانی ئەو شارە دەکەن لە ساڵی (٧٢٢ پ.ز) و لە سەردەمی هەمان شا، لەگەڵ بە دیل بردنی (٢٧٢٩٠) کەس و نیشتەجێکردنیان لە خەلافێ (حەلەح) و گۆزان[٧] لە کەناری ڕووباری خابوور و شارەکانی میدیا پەرش و بڵاوکردنیان لە ناوچەکە (کتێبی پیرۆز، سفری دووەم پاشایان، ١٧: ٦) ؛ لومیر، ٢٠١٦: ٤٢-٤٣ ؛ دوبنۆف، ٢٠٢٠: ١٦٨)، بەڵام ئاماژەی دیکە هەن کە بەهۆی بەرگریی بەنی ئیسرائیل لە چاوەڕوانیی فریاکەوتنی میسرییەکان، پرۆسەی گرتن و ڕووخاندنی سامیرە

و بە دیل بردنەکە دواکەوتبێت، تاکو لە سەردەمی سەرجۆنی ئاشووری ئەنجامدرا، دوای ئەوەی لە ماوەی گەمارۆکەدا و بەر لە کەوتنی شارەکە شلیمانسەر مرد و سەرجۆن جێی گرتەوە و کارەکەی تەواوکرد (شیر، ٢٠٠٧: ١٢٣ ؛ لوبون، ٢٠١٩: ٣٠). هەرچەندە کەوتنی سامیرە بە مانای کەوتنی شانشینی ئیسرائیل دەهات، بەڵام ئۆرشەلیم هەر مایەوە، دواتر ڕووخانی نەینەوا و دەوڵەتی ئاشووری، کەوتنی ئۆرشەلیمی دواخست (لوبون، ٢٠١٩: ٣٠).

دوای ڕاگواستنیان سەرجۆن دیلەکانی لە باکووری وڵاتی ڕافیدەین لە ناوچە شاخاوییە سەختەکان نیشتەجێکردوون، بەمەش کوردستانی عێراق بووە یەکەم شوێنی نیشتەجێبوونی جووەکان لە عێراقدا (سوسة، ٢٠٠١: ٢٣). سەرچاوەکان باس لەوە دەکەن کە سەرجۆنی ئاشووری هەندێک لەو جووانەی بە دیاریکراوی ڕاگواستۆتە ناوچەی بادینان، لەوانە دهۆک و زاخۆ و سندۆر (مایی و زێباری، ب.س: ١٧٨).

ئاشوورییەکان چەند جارێکی دیکە هێرشیان بردۆتەسەر ئۆرشەلیم و یەهودا، بە تایبەتی سەنحاریب (٧٠٥-٦٨١ پ.ز) دەستی بەسەر ناوچەیەکی فراواندا گرتووە و لە ساڵی ٧٠٢ پ. ز تاڵانیکردوون و ژمارەیەکی زۆری بەدیلگرتوون، هەروەها ئەسەرحەدۆن (٦٨٠-٦٦٧ پ.ز) پاشای ئاشوورییەکانیش لە ساڵی (٦٧٢ پ.ز) هەمان کاری ئەنجامداوە (شیر، ٢٠٠٧: ١٤٣، ١٥٨)، دانیشتووانەکەشیان ڕاگواستووە و بەزۆر لە ناوچەکانی ژێر دەسەڵاتی خۆیان لە باکووری وڵاتی ڕافیدەین لە ناوچە شاخاوییە سەختەکان نیشتەجێکردوون (مایی و زێباری، ب.س: ١٧٨).

گەڕیدەیەکی جوو لە گەشتەکەیدا لە (١١٦٥-١١٧٣ز) کە ئامێدی یەکێک لە وێستگەکانی بووە، بنەچەی جووەکانی ناوچەکە بۆ ڕەوەندی یەکەمی ئەو جووانەی کە پاشای ئاشوور شلیمانسەر بە دیل هێنانی دەگەڕێنێتەوە. سەبارەت بە ژمارەیان لەوکات بە (٢٥٠٠٠) جوو دادەنێ، بەڵام دیارە مەبەستی تەنها ئامێدی نییە، بەڵکو مەبەستی بەشێکی فراوانی کوردستانە، چونکە دەڵێ لە زیاتر لە سەد شوێنی ئەو ناوچەیە بڵاوبوونەتەوە و بە زمانی (تارگوم) قسەدەکەن (التطیلي، ٢٠١٤: ١٩١).

هەرچی ڕاگواستنی جووەکانە لەلایەن ئاشوورییەکان بۆ کوردستان، ئەوا سیاسەتی ئاشوورییەکان لەسەر پەرتکردنیان لە ناوچە سەخت و دوورەدەستەکانی ژێر دەسەڵاتیان بەندبووە، بە تایبەتی لە ناوچە شاخاوییەکانی کوردستانی عێراق و ئێران و تورکیا، تاکو نەتوانن لە شوێنێکدا کۆببنەوە و هەوڵی گەڕانەوە بۆ زێدی خۆیان بدەن، بە جۆرێک هەواڵی ئەو دیلانە ونبوو، بۆیەش لە کتێبە ئاینییەکانی جوو ئاماژە بە بزربوونی ئەو جووانە کراوە کە ئاشوورییەکان بۆ کوردستان ڕاپانگواستوون، توێژەرانیش ناویان لێنان تیرە یان هۆزە ونبووەکانی ئیسرائیل (اسباط المفقودة- *The Lost Tribes*)، لە فەرهەنگ و نەریتی یەهودی و تەوراتدا بە دە ئەسباتەکە ناسراون لە کۆی دوازدە تیرەکە (سوسة، ٢٠٠١: ٣١-٣٢).

جووەکانی کوردستان زۆربەیان لەو باوەڕەدا بوون کە ئەوان لە هۆزی (بنەماڵەی) بنیامین کوڕی پێغەمبەر یەعقوب بوونە، بە ڕای پیاوانی ئاینیی جوو ئەو دە هۆزەی هاتبوونە کوردستان تەنها بنەماڵەی بنیامین لەسەر ئاینی خۆیان ماونەتەوە، نۆ بنەماڵەکەی دیکە چوونەتە سەر ئاینی مەسیحی (ئالویان، ٢٠٠٢: ٩٠)، ڕایەکیش هەیە سەبارەت بە کۆچی بەشێکی جووەکان بۆ کوردستان کە هاتنی هەندێک لە حاخامەکانیان بووە بە مەبەستی گەڕان بەدوای دە ئەسباتەکەی جوو، کە گوایە لە کوردستان لە ترسی ئاشوورییەکان خۆیان حەشاردابوو (بەرزەواری، ٢٠٠٩: ٣٧). هەروەک حاخام داڤید دیبێت هیلێل لە گەشتەکەیدا لە ساڵی ١٨٢٤ز بە ناوچەکەدا بۆ دۆزینەوەی پاشماوەی دە هۆزەکە، لە کتێبەکەیدا کە لە ساڵی ١٨٣٢ بڵاوکراوەتەوە زانیاری لەسەر حەوت هۆزیان لە کوردستانی ئێران و یەکێکیشیان لە ناوچەی زاخۆ تۆمارکردووە (علي، ٢٠٢٠: ٧٢٩).

بەشێک لە جووەکان بۆ دەربازبوون لە نەهامەتییەکانی ئاوارەیی و بندەستی و کۆیلەبوونەوە ڕوویان لە کوردستان کردووە، بە تایبەتی کە لە زۆربەی دونیا ئازاردەدران، بەڵام لە کوردستان زیاتر لەهەر ناوچەیەک ڕێزیان لێنراوە و پارێزگارییان لێکراوە، یان بەهۆی هەڵوێستی باشی دانیشتووانی کوردستان بوویێت بەرانبەر جووەکان، هەروەک لە تەوراتدا خوێندنەوەیەکی باش بۆ هەڵوێستی دانیشتووانی کوردستان و میدییەکان لە کاتی هاتنی جووەکان بۆ ناوچەکە و لەناوخۆدا حەواندنەوەیان و ئاکنجیکردنیان کراوە ( *Layton, 1992: 22*).

شەپۆلێکی دیکەی هێنانی جووەکان بۆ ناوچەکە بۆ سەردەمی بابلییەکان دەگەڕێتەوە، کە لە پرۆسەی بە دیل هێنانی (سەبی)ی بابل لە سەردەمی نەبۆخزنەسر (٦٠٨-٥٣٨ پ. ز) خۆی دەبینێتەوە، کاتێک لە ساڵی (٥٩٧ پ.ز) ئۆرشەلیمی گرت و تاڵانیکرد و هەموو شەرکەرەکانی بە دیل گرتن و لەگەڵ پیشەگەرەکانی گواستنەوە بۆ بابل تاکو لەوێ کاربکەن، پاشان لە ساڵی (٥٨٦ پ.ز) دیسان پەلاماری یەهودای دا و ئۆرشەلیمی گرت، شووراکەی ڕووخاند و هەموو شتێکی تاڵانکرد، ئینجا هەموو دانیشتووانی ڕاگواست بۆ بابل تەنها هەژارەکان نەبن هیچی لێ بەجێنەهێشتن (شیر، ٢٠٠٧: ١٨٤-١٨٥)، بەڵام لەبارەی ئەو ڕاگوازراوانەش زانیاریی جیاواز هەن ئاخۆ کەسیان نێردراون بۆ کوردستان یان نا، ئاماژەیەک هەیە بەوەی کە ئەو جووانە وەک ئەوانەی ئاشوورییەکان هێنایان لە هەموو شوێنێک دابەش و پەرت نەبوون، بەڵکو لە کۆمەڵگە و گوندەکانی بابل کۆبوونەوە و دوورنەکەوتنەوە (لومیر، ٢٠١٦: ٥٦)، بەم جۆرە بێت جووەکانی کوردستان بەشێک نین لەو شەپۆلە، بەڵام سەرچاوەیەکی دیکە ئاماژە بەوە دەکات کاتێک نەبۆخزنەسر دیلە جووەکانی ئۆرشەلیمی هێنان لە بابل و میدیا و فارس و سوریا و میسر هەڕاجەکران و دەفرۆشران، بەڵام ئەو جووانەی لە بابل نیشتەجێبوون تێکەڵی خەڵکی ئەوێ نەبوون و بەجیا دەژیان و لەسەر ئاینی خۆیان مانەوە و کاریان بە یاسا و

نەریتی خۆیان دەکرد (دوبنۆف، ٢٠٢٠: ١٩٣). بەپێی ئەو ئاماژانە بێت ڕێی تێدەچێ لە ئەنجامی ئەو هەڕاجەی دیلەکان بەشێکیان کەوتبنە وڵاتی میدیا و تێکەڵی ئەو جووانەی کورستان بووبن کە لە سەردەمی ئاشوورییەکان هاتبوون.

بۆچوونێک هەیە پێیوایە ناتوانرێ ڕیشەی مێژوویی جووەکانی کوردستان یەکلاییبکرێتەوە، چونکە گریمانەکان پشتیان بە مێژووی زارەکی پەیوەست بە گەڕیدە و توێژەر یان سیاسییەکان بەستووە، ئەوانیش گۆڕانکارییان بەسەرداهاتووە، بۆ نموونە گوندی (بێتنور) لە ناوچەی بادینان کە بە تەواوی جوو بوون، ڕۆژگارێک وا لەسەر زاران بوو کە لە بنەچەی دیلەکانی بابل بن، بە پێچەوانەی دیلەکانی سەردەمی ئاشووری، وێڕای ئەوەی گوندەکە دەکەوتە ناو جەرگەی کوردستان (*Ammann, 2014: 271-300*).

هەرچۆنێک بێت جووە ڕاگوێزراوەکان لە ناوچە شاخاوییەکانی کوردستان لەنێو دانیشتووانی کورد گوندی تایبەت بەخۆیان بنیادنا، دواتر بە زۆربەی ناوچەکانیدا بڵاوبوونەوە[vi]، هەر لە سەرەتاشەوە لە شێوازی ژیانیاندا لاسایی دانیشتووانی کوردستانیان کردۆتەوە و ڕێگە چارەیەکی تریان نەبووە جگە لە بەرهەمهێنانی زەوی، زۆریی باران و ئاوی ژێرزەوی و سەرزەوی دەرفەتی بۆ ڕەخساندوون بۆ سەرقاڵبوون بە کشتوکاڵ و ئاژەڵداری، ئەمەش لەژێر پارێزگاریی سەرۆکهۆزە کوردەکان، ئەوەی جێی سەرنجیشە دوای سەدان ساڵ تاکو گەڕانەوەیان بۆ ئیسرائیل زمانی تایبەتیان هەمان ئەو زمانە بوو کە پێی دەوترێت ئارامی (سوسة، ٢٠٠١: ٣٣)، بە تایبەتی کە ئاشوورییەکان هەموو ئازادییەکیان دابوو بە جووە بەدیلگیراوە نیشتەجێکراوەکانی کوردستان لە قسەکردن بە زمانی خۆیان و پیادەکردنی داب و نەریتی خۆیان و ئەنجامدانی مەڕاسیم و سرووتە ئاینییەکانیان (سوسة، ١٩٨٦: ٩١).

بە گشتی ئەو جووە دوورخراوانە خاوەنی خەسڵەتی بوێری و پێشکەوتن بوون، هەندێکیان سامانیان کۆکردەوە و بوونە کاربەدەستی باڵا، کاتێک زۆرینەیان بوونە کەسی شایستە بۆ وەرگرتنی کاروباری بازرگانی یان لە بەڕێوەبردندا یان لە فێربوونی پیشە و پسپۆڕیی دەگمەن، توانییان لە کایەی ئابووریدا شوێنێکی گرنگ بگرن.

دوای ڕووخانی دەوڵەتی بابلی و سەرکەوتنی ئەخمینییەکان لە ساڵی (٥٣٨ پ.ز) ژمارەیەکی زۆری جووەکانی بابل بە خۆشحاڵییەوە پێشوازییان لە ئەخمینییەکان کرد، ئەم دڵسۆزییەی جووەکان و لە پاڵیشیدا هاندانی هاوسەرە جووەکەی و ئارەزووی فراوانکردنی ئیمپڕاتۆرییەتەکەی (العلوجي، ٢٠١٠: ١٤) کۆرشی گەیاندە ئەو بڕوایەی جووەکان لە دیلیەتی ڕزگار بکات و بیانگەڕێنێتەوە بۆ وڵاتی خۆیان بە تایبەتی کە ببووە بەشێک لە دەوڵەتی ئەخمینی کە پێشتر بەشێک بوو لە دەوڵەتی بابل (دوبنۆف، ٢٠٢٠: ١٩٩)، سەرچاوە عیبرییەکان ئاماژە بەوە دەکەن کە لە ساڵی ٥٣٨ پ.ز کۆرشی ئەخمینی (٥٥٩-٥٢٩ پ.ز) مەرسومێکی دەرکردووە، تێیدا

هاتبوو هەموو جووەکانی بابل و فارس ئازادن بگەڕێنەوە وڵاتی خۆیان و فەرمانی بە دووبارە بنیادنانەوەی پەیکەری سولەیمان بە تێچووی خەزێنەی پاشا کرد (اليهودي، ٢٠٠٦: ١٤ ؛ لوبون، ٢٠١٩: ٣٠)، ئەمەش سیاسەتی لێبوردەیی ئاینیی ئەخمینییەکانی نیشاندەدا، جووەکان زۆر دڵخۆشبوون بەو بڕیارەی کۆرش و سوپاسگوزاری ئەو هەڵوێستەی بوون، زاناکانیشیان پێیانوابوو هەموو ئەو سەرکەوتنانەی کۆرش بەدەستیهێنان لە زاڵبوون بەسەر هەموو نەتەوە و دەسەڵاتداران پاداشتی خودابوو بەرانبەر ئەو چاکەی لەگەڵ جووەکان و بنیادنانەوەی بەیتولمەقدیس کردی (اليهودي، ٢٠٠٦: ١٤).

دوای فەرمانی کۆرش دەرفەتی گەڕانەوە بۆ وڵاتی خۆیان بۆ بەشێکی جووەکان ڕەخسا، لە ئەنجامدا ٥٠ هەزار جوو بە خۆشحاڵییەوە سوودیان لەو بڕیارە وەرگرت، بەڵام هەندێکیان حەزیاندەکرد لەو وڵاتە بمێننەوە، سەرەڕای گۆشەگیری و فشاری زۆر لەسەریان لەسەر ئاینەکەی خۆیان مانەوە (*Griffith, 1909: 193*)، دواتریش هەرچەند جووەکان بە شەپۆلی یەک لەدوای یەک دەگەڕانەوە، بەڵام ژمارەیەکی زۆریشیان مانەوە و ڕۆڵی ئابووریيان دەگێڕا و ژیانێکی جێگیریان پێکەوەنا (لومير، ٢٠١٦: ٦٦).

هەرچی سەبارەت بە گەڕانەوەی بەشێکی جووەکانی کوردستانی عێراقە بۆ زێدی خۆیان لە فەلەستین، بەڵگەی ڕوون نییە بیسەلمێنێت هیچ گرووپێک گەڕابنەوە، هەرچەندە ئاماژەیەک هەیە کە ژمارەیەکی کەمیان کە ٣٦٠ کەس دەبوون گەڕاونەتەوە (گولیاموف، ٢٠١١: ٤٢٠)، ئاماژەکان زیاتر بۆ ئەوەن کە جووەکانی بابل بە کۆمەڵ گەڕابنەوە، بەڵام بەڵگەیەکی وا نییە بۆ گەڕانەوەی بەکۆمەڵی جووەکانی وڵاتی ئاشوور و کوردستان، ئەوەی ڕوون و ئاشکرایە جووەکان زۆرینەیان لە کوردستان ماونەتەوە هەرچەندە بەشێکیشیان گەڕابنەوە، مانەوە و نەگەڕانەوەشیان پەیوەست بووە بە قورسیی کارەکە و دووری و سەختیی ناوچەکە و باوەڕیان بەو ژیانەی لە کوردستان پێکیانهێنابوو.

لەلایەکی دیکەوە، ڕایەک هەیە پێیوایە کە لە دوای ئەو ئازادییەی بۆ گەڕانەوە بۆ زێدی خۆیان بە جووەکانی بابل دراوە، چەند تاقمێکیان کەوتوونەتە کوردستان، ئەویش دوای ئەوەی چەند گرووپێکیان لە گەڕانەوەدا ڕێگەیان هەڵەکردووە و هاتوونەتە کوردستان و لەوێ نیشتەجێبوون لێی ماونەتەوە (هاوار، ٢٠٠٧: ٨٥).

پاڵنەرێکی مانەوەی جووەکان و بەردەوامیی ژیانیان لە کوردستان پەیوەندی بەو ئازادییەوە هەبووە کە جووەکان لە کوردستان لە سەردەمە جیاوازەکاندا هەیانبووە، هەروەک لە سەردەمی دەوڵەتی میدی (٧٠٠-٥٥٠ پ.ز) ئارادەیەکی باش ئازادییان پێدراوە، بە تایبەتی لە گەشت و جێبەجێکردنی مەراسیمی ئاینی و کردنەوەی پەرستگا لە ناوچە جیاجیاکان، لە سەردەمەکانی دیکەش ئەو کەشە بەردەوامبووە (بەرزەواری، ٢٠٠٩: ٣٨).

سەرچاوەکان باس لەوە دەکەن کە شەپۆلێکی دیکەی جووەکان لە ئەنجامی ئەو وێرانکاری و کوشتارەی ڕۆمەکان لە سەدەی یەکەمی زاینی لە بەرانبەر جووەکان کردی وەک شوێنێکی پارێزراو کۆچیان کردۆتە کوردستان (کوردە، ٢٠١٩: ٨٠)، هەروەها شەپۆلێکی دیکەش لە سەردەمی دەوڵەتی ئیسلامی و لە ماوەی خەلافەتی عومەری کوڕی خەتاب (٦٣٦-٦٤٤ ز) هاتوونەتە ناوچەکە، کاتێک قودس گیرا بەشێک لە جووەکان ڕاگوێزرانە سوریا و عێراق و کوردستان (بەرزەواری، ٢٠٠٩: ٣٧-٣٨)، هەروەها لە کاتی گرتنی بەغدا لەلایەن مەغۆلەکان و ڕووخانی دەوڵەتی عەباسی (١٢٥٨ ز)، ژمارەیەکی زۆر لە جووەکانی شارەکە پەنایان هێناوەتەبەر کوردستان، بە تایبەتی بەشێکیان بۆ کەرکوک هاتوون و لەوێ نیشتەجێبوون (מוזיאון העם היהודי، קהילת יהודי כרכוך، ٢٠٢٢/٤/١٨).

**ناسنامەی ئیتنیی جووەکانی کوردستان:**

ناسنامەی جووەکانی کوردستان لە ڕووی ڕەگەزی و نەتەوەیی و ئاینییەوە لێکدانەوەی جیاواز هەڵدەگرێ و هەر لێکدانەوەیەکیش بەڵگەی مێژوویی بۆ هەیە. لێکدانەوەیەکیان ئەوەیە، کە ئەوانە جووی کورد یان کوردی جوون، واتە لە ڕووی ڕەگەزییەوە کورد بن، ئەویش لەسەر ئەو بنەمایەی ئەو کۆمەڵە مرۆڤە لە کوردستان ژیاون و پەیڕەوی ئاینی یەهودیەتیان کردووە. لە هەمان کاتدا، لێکدانەوەیەکی دیکە ئەوەیە کە هەموویان پاشماوەی ڕەگەزی ئەو جووانەن کە لە فەلەستینەوە هێنراون و جیاوازن لە ڕەگەزەکانی دیکەی نیشتەجێی کوردستان، دیارە ئەو ئاینەش هەر بەهۆی ئەوانەوە گەیشتۆتە ناوچەکە.

هەستکردنی تاک یان کۆمەڵی مرۆڤ بە خود و وشیاری و ئاگایی بە تایبەتمەندییەکانی بۆ جیاکردنەوە لەوانی دیکە، ژیان و نیشتیمانی هاوبەش و بەرژەوەندی و چارەنووسی هاوبەش شوناس بۆ مرۆڤەکان دروستدەکات، بەوپێیەی پابەند دەبن بە بزاڤ و ئاراستەیەکی یەکانگیر لەپێناو ئامانج و چارەنووسی هاوبەش، سەرەنجام ئەو دەستە و گرووپە ئینتیمایەکی هاوبەشی سیاسی و کۆمەڵایەتی و ئاینی و مەزهەبی بەیەکەوە دەیانبەستێتەوە و وەک نەتەوە و پێکهاتەیەکی ئاینی پێی دەناسرێنەوە (هنکتون، ٢٠٠٥: ٣٧-٤٣)، بۆیە لەو چوارچێوەیەدا دەتوانرێ شوناسی جووەکانی کوردستان دیاریبکرێت بە لەبەرچاوگرتنی خاڵە هاوبەشەکانی نێوان خودی خۆیان و خاڵە هاوبەش و جیاوازەکانیان لەگەڵ دەستە و گرووپی دیکەی دانیشتووی کوردستان.

جووەکانی کوردستان وەک کەمینەیەکی ئاینی دەرکەوتوون، وەک لە پێناسە جۆراوجۆرەکانی کەمینە ئەوەمان بۆ ساغدەبێتەوە کە ئەو گرووپە کۆمەڵایەتییە بە ڕەفتار و هەڵوێستی خۆیان و مامەڵەی بەرانبەرەکەشیان لە چوارچێوەی گرووپێکی کەمینە دەرناچن، هەروەک لویس ویرت پێیوایە کەمینە گرووپێکی خەڵکە بەهۆی چەند تایبەتمەندییەکی ئۆرگانیکی یان کلتوورییەوە بە جۆرێک لە جۆرەکان جیایە لە تاکەکانی دیکەی کۆمەڵ

و بە نایەکسانی مامەڵەیان لەگەڵ دەکرێ، لە ڕوانگەی ئەوانیش جیاکارییان لەگەڵ دەکرێ، بەم شێوەیە لە بەشداریکردنی تەواو لە ژیانی کۆمەڵدا بێبەشە (*Linton, 1945: 347*). لای ئەورووپییەکانیش کەمینە گرووپێکی دانیشتووانە کە پاشکۆ و ملکەچی گرووپێکی دیکەن، ئەم جۆرە کەمینەیەش بێبەشن لە سەربەخۆیی سیاسی و هەست بە جیاوازیی کلتووری و نەژادی لەگەڵ تاکەکانی دیکە دەکەن (*Schermerhorn, 1959: 179*). لە نەتەوە یەکگرتووەکانیش وا پێناسەکراوە، کە گرووپێکە لە ناوخۆی گەلێکی دیکەدا دەژی و تایبەتمەندی و سیمای ئیتنیکی یان ئاینی یان زمانەوانیی دیاریکراوی وای هەیە کە بە ڕوونی لە تایبەتمەندی و سیماکانی خەڵکی دیکە جیاوازە و ئارەزووی پاراستنی تایبەتمەندییەکانی خۆی هەیە (بەحر، ٢٠٠٧: ١٨٦-١٩١).

لە ڕاستیدا ناکرێ جووەکانی کوردستان دابڕین لە پاشماوەی ئەو جووانەی لە فەلەستین هێنراون، ئەگەر باوەڕیشمان بەوە هەبێت، کەواتە دەبێ بزانین ئەوانە پاشماوە و وەچەیان ماوە و بنەبڕ نەبوون و هیچ ئاماژەیەک نییە دەریبخات کە تێکڕا کوردستانیان بەجێهێشتبێت، کەواتە نەوەکانیان بریتی بوون لەو کۆمەڵە جووانەی کە تاکو ناوەڕاستی سەدەی بیستەم و کۆچی بە کۆمەڵیان بۆ ئیسرائیل هەر لە کوردستاندا مابوون. جووەکان لای خۆیانەوە بە تایبەتی جووەکانی سندۆر داکۆکییان لەسەر ئەوە کردووە کە ئەوان لە پاشماوەی جووە دیلەکانی فەلەستینن کە ئاشوورییەکان لە سەردەمی سەنحاریب بەدیلی بۆ ناوچە شاخاوییەکانی کوردستان و عێراق و ئێران هێنانی، لەوکاتەوە لەو گوندە نیشتەجێبوونە و بەجێیان نەهێشتووە تەنها دوو جار نەبێت کاتێک هۆزە کوردییەکان ناچاریان کردوون بە شێوەیەکی کاتی چۆڵی بکەن (سوسة، ١٩٨٦: ٩٦). جووەکانی کوردستان لەبەرئەوەی زۆر تێکەڵی نەتەوەکانی دیکەی کوردستان نەبوونە، بۆیە توانیویانە پارێزگاری لە ڕەگەزی خۆیان بکەن و بمێننەوە، ئەمەش بەهۆی دەستگرتنیان بە ئاینەکەیانەوە بووە، خۆ ئەگەر تێکەڵاوبوونایە ئەوا ڕەگەزەکەیان لەگەڵ هەموو گەلە کۆنەکانی پێکهێنەری نەتەوەی کورد تێکەڵدەبوون و دەبوونە بەشێکی ئاوێتەبوو لە نەتەوەی کورد، وەک گەلە کۆنەکانی میدی، میتانی، سۆباری، لۆلۆیی، کاشی... هتد. وەک چۆن گرووپێکی دیاریکراو لەنێو کورددا نییە خۆی بە پاشماوەی گرووپێکی دیاریکراو لەو گرووپانە بە تەنها بزانێت.

لەلایەکی دیکەوە، لێکدانەوەیەکی دیکە بەوەمان دەگەیەنێت جووەکان بەو دۆخەی تێیدابوون، کە پەرش و بڵاوبوون و لە سنوورێکی دیاریکراودا نەژیاون و ناوچەیەکی تایبەت و زۆرینەی وایان نەبووە کە بتوانن خۆیان جیابکەنەوە و دەسەڵاتدارییەکیان هەبێت و خۆیان بە بەشێکی جیانەکراوە لەو خاکە بزانن و دەستی لێ هەڵنەگرن وەک پەیڕەوانی ئاینەکانی دیکەی ناو کورد، هەروەها ئەگەر فاکتەری جیاوازیی ڕەگەزییان لەگەڵ کورد نەبووایە، ئەوا ئەگەرێکی بەهێز بوو بە شێوەیەکی سروشتی لەکاتی هاتنی ئاینی ئیسلام ئەوانیش وەک

زۆرینەی کورد ببنە موسڵمان، هەروەک دانیشتووانی ئەدیابین، لەبەرئەوەی لە بنەڕەتدا خەڵکی ناوچەکەبوون. دوای بڵاوبوونەوەی مەسیحیەت ئاینی جوویان بەجێهێشتووە و باوەڕیان بە ئاینی مەسیحی هێناوە (رشید، ١٩٨٤: ٣١-٣٢)، دواتریش بە هاتنی ئیسلام باوەڕیان بە ئاینی ئیسلام هێناوە، کە ڕایەک پێیوایە ئەوانە هەزبانییەکانن (ئالویان، ٢٠٠٢: ٩٠)، بەڵام جووەکان لەبەرئەوەی نەژاد و سروشتیان جیابوو بەرگرییان لە تایبەتمەندییەکانی خۆیان کرد و مانەوە.

لە چەند قۆناغێکی مێژوویدا دەردەکەوێت کە خەڵکی ڕەسەنی ناوچەکە ئاینی یەهودییان وەرگرتبێت و تێکەڵی جووە بە ڕەسەن فەلەستینییەکان بووبن، چونکە باس لەوە دەکرێ کە پێش هاتنی ئیسلام ئاینی جوو لەنێو شوێنکەوتووانی ئاینەکانی دیکە بڵاوکراوەتەوە و خەڵک ئاینی خۆی گۆڕیوە، دەشکرێت پیاوانی ئاینیی جوو ئەو هەوڵەیاندابێت، بەڵگەش لەسەر ئەوە لە سەرچاوە ئاینییە کۆنەکانی جوو هەن کە ئاماژەن بۆ ئەوەی خەڵکی دیکە چوونەتە ناو ئاینی جوو، هەروەک لە تەوراتدا چیرۆکێکی پێغەمبەر دانیال[vii] هەیە باس لە باوەڕهێنانی داریوشی دەسەڵاتداری ناوچەکە بە دانیال و خوداکەی دەکات، ئەویش دوای ئەوەی بینی دانیال بە سەلامەتی لەناو بیرێکی داخراو لە چنگی شێرەکان دەربازبووە، کاتێک بەهۆی سەرپێچی لە دەستووری وڵات لە پەرستنی خودا سزادرابوو. لە ئەنجامدا، داریوش فەرمانی بۆ خەڵکەکەی دەرکرد کە خودای دانیال بپەرستن (کتێبی پیرۆز، پەرتووکی دانیال، ٦ : ١-٢٨)، ڕەنگە ئەمە ڕووداوە کلیلییەکەی گۆڕانی باوەڕی بەشێکی خەڵکی ناوچەکە و لەنێویشیاندا کورد بۆ ئاینی جوو بێت. بەوپێیە بێت ئاینی جوو لەسەر دەستی دانیال پێغەمبەرەوە لەنێو خەڵکی ناوچەکە بڵاوکراوەتەوە و جگە لە جووە بەدیلهێنراوەکان خەڵکی ڕەسەنی ناوچەکەش ئاینەکەیان وەرگرتووە.

لە تەلموود[viii] باس لەوە کراوە کە لە سەردەمێکدا ڕابی و ماڵەکانی جوو ڕێگەیان پێدراوە ئاینەکەیان بڵاوبکەنەوە و کوردەکان بێننە ناو ئاینی جوو، لەمەشدا سەرکەوتنیان بەدەستهێناوە، بە تایبەت ئاماژە بە بنەماڵەی پادشایانی ئەدیابین (حەدیاب) لە هەولێر دەکرێت، کە لە سەدەی یەکەمی پێش زاینی بوونەتە جوو، کاتێک لە ساڵی (٦٨-٦٧ پ. ز) ڕۆمەکان یەهودا و سامیرەیان داگیرکرد تەنها بنەماڵەی ئەدیابین یارمەتیی ئازووقە و هێزی بۆ ڕزگارکردنی (گەلیل- جەلیل) نارد کە گەمارۆدرابوو، لێرەدا ئەگەر ئەو بنەماڵەیە لەسەر ئاینی جوو نەبووایە ئەو هەڵوێستەی نەدەبوو (ئیزەدی، ٢٠٠٧: ٣٧٠ ؛ قادر، ٢٠٠٧: ٢٠)، سەرچاوە سریانییەکانیش ئاماژە بەوە دەکەن کە بنەماڵە دەسەڵاتدارەکانی ئەدیابین جوو بوونە و تەوراتیش ئاماژە بەوە دەدات کە جووەکانی ئەو ناوچە لە بەجێهێنانی سرووتە ئاینییەکانیان ئازادییەکی فراوانیان هەبووە، ناکۆکییەکی هزریش لە نێوان زەردەشتی و یەهودی هەبووە، بەڵام وا دەردەکەوێت کە جووەکان هۆکاری

مەترسی نەبوونە بۆ سەر زەردەشتییەکان و هەڕەشە نەبوونە لەسەر هیچ لایەنێک (القنديداد ، ٢٠٠١: ١٢).

دیارترین پاشایانی ئەدیابین (مۆنۆباسیس) بوو کە لەگەڵ ژمارەیەکی زۆری کورد ئەو ئاینەیان وەرگرتووە، سەرچاوە یەهودییەکانیش ئاماژە بەوە دەکەن کە دەسەڵاتدارانی ئەدیابین لەسەردەستی (حەنینا) ئاینی جوویان وەرگرتووە[ix]، هەر بۆیە شاژنە هێلینا (هیلانی) دایکی مۆنۆباسیس کە بە خۆشەویستی بۆ هەژاران ناسرابوو، گەشتێکی بۆ ئۆرشەلیم (قودس) ئەنجامدا[x]، لەگەڵ گەیشتنیدا برسیەتی لەو شوێنە بڵاوبووەوە، بۆیە ژمارەیەک کەسی نارد گەنمیان لە ئەسکەندەریەی میسر هێنا و بەسەر خەڵکی ئۆرشەلیم دابەشیانکرد (شیر، ٢٠٠٧: ٢٢٨)، هەندێک لە نزیکەکانیشی ناردە قوبرس بۆ دابینکردنی میوەی وشککراو، کوڕەکەشی (ئیزەت) کە بەو برسیەتییەی زانیوە پارەیەکی زۆری بۆ دەسەڵاتدارانی ئۆرشەلیم ناردووە (گولیاموف، ٢٠١١: ٤٢٩).

یارمەتی ئەدیابین بۆ جووەکانی فەلەستین لە کاتی شەڕەکەیان بەرانبەر ڕۆمان (٦٦-٧٤ز) و پێشتریش دەیسەلمێنێ کە پەیوەندییەک لە نێوان ئەدیابین و جووەکانی فەلەستین هەبووە (عطو، ٢٠١١: ٦٧)، ئەو پەیوەندییەش ئاینی بووە نەک پەیوەندیی نەژادی و نەتەوەیی، ئەگەر دەسەڵاتدارانی ئەدیابین یەهودیش بووبن مانای وانییە بەنی ئیسرائیلی بوون کە جیاوازییان لە نێواندا هەیە، چونکە یەهودی هەموو ئەوانەی لەسەر بیروباوەڕی یەهودین دەگرێتەوە، واتە هەموو یەهودییەک بەنی ئیسرائیلی نییە (التكريتي، ٢٠٢٢: ٣٩٢).

بەوپێیەی دەسەڵاتدارانی ئەدیابین لەسەر ئاینی جوو بوونە، کەواتە ئەوە بەڵگەی یەکلاکەرەوەیە کە خەڵکی دیکە چوونەتەسەر ئاینی جوو و باوەڕیان بەم ئاینە هێناوە، چونکە دەسەڵاتدارانی ئەدیابین لە بنەڕەتدا جوو نەبوونە و لەو جووانەش نەبوونە کە بە دیل لەلایەن ئاشووری و بابلییەکانەوە بۆ ناوچەکە هێنراون. هەرچەندە نووسەرێک پێیوایە دانیشتووانی میرنشینی ئەدیابین لەو کۆمەڵە جووانەن کە ئاشوورییەکان بە دیلیان هێناون و لە نەوەی دە ئەسباتەکەن (سوسة، ٢٠٠٣: ١١٣)، بەڵام ئەمە بۆ دەسەڵاتدارانی میرنشینەکە لۆژیکی نییە و ڕێی تێناچێ، چونکە هەرگیز ئەو جووە دیلانە نەیانتوانیوە بگەنە ئاستێک حوکمڕانیی ناوچەکە بکەن، بەڵکو هەمیشە لە کۆمەڵە مرۆڤە چەوساوەکان بوونە، هەرچەندە کەسانی کاریگەر و بەهێزیان لەناو دەسەڵاتدا هەبووە، ئیتر مادام دەسەڵاتدارانی ئەدیابین حوکمی ناوچەیەکیان کردووە، کەواتە ئەوان لە ڕەگەزی جوو نەبوون، بەڵکو لە بنەڕەتدا لە دانیشتووانە ڕەسەنەکانی کوردستان بوونە، بەڵام ئاینی جوویان وەرگرتووە، بەمەش دەشێ کوردی جوو هەبووبێت بە تێپەڕبوونی کات لەگەڵ جووەکانی بە ڕەگەز فەلەستینی کە بە دیل هێنرابوون تێکەڵ بووبن.

لە ئینجیلیشدا چیرۆکێک باس لە کاتی بڵاوکردنەوەی ئینجیل لە ئۆرشەلیم دوای بەرزکردنەوەی پێغەمبەر عیسا دەکات کە زۆر لە نوێنەرانی نەتەوە دێرینەکانی کوردستان و میدیا لەوێ ئامادەبوونە، هەروەک دەڵێ لە ڕۆژی جەژنی قوربانی لە ئۆرشەلیم جوو و میللەتانی دیکە کە باوەڕیان بە ئاینی جوو هێنابوو لە ئۆرشەلیم کۆببوونەوە، لەنێو ئەو میللەتانەدا خەڵکی میدیا و ئیلام و میزۆپۆتامیا و چەندانی دیکە هەبوون (کتێبی پیرۆز، پەرتووکی کرداری نێردراوان، ٢ : ١-١٣). نووسەرێکیش بۆ بەهێزکردنی ئەو بۆچوونەی کە ژمارەیەک خێزانی کورد ئاینی جوویان پەیڕەوکردبێت و بیسەلمێنێت کە جووەکانی کوردستان لە ڕووی نەژادەوە کورد بوون، نەزانینی زمانی عیبری و پۆشینی جلوبەرگی کوردەواری لەلایەن جووەکانی بادینان وەک بەڵگە دەهێنێتەوە (ئاکرەیی، ٢٠١٢: ٢٨٠).

پاڵپشت بە بەڵگە مێژووییەکان دەتوانین بڵێین خەڵکێکی دانیشتووی کوردستان باوەڕی بە ئاینی جوو هێناوە و چوونەتەسەر ئەو ئاینە، ئەمەش شتێکی ئاساییە مادام لەو سەردەمە پیاوە ئاینییەکانی جوو باوەڕیان بە بڵاوکردنەوە و مژدەدەری هەبووبێت، لەکاتێکدا ئاینێکی ئاسمانییە و کوردیش لەباربووە بۆ وەرگرتنی ئاینەکە، بە تایبەتی کە یەکتاپەرستی لە هزریدا ئامادەیی هەبووە و خاڵی هاوبەشی زۆربووە لەگەڵ ئاینی جوو، بۆیە ئاسانتر توانراوە کاریان لەسەر بکرێت. لەلایەکی دیکەشەوە، بەوپێیەی کورد زۆر وابەستەی ڕێبازە ئاینییەکانی ئەوکات نەبووە حاخامەکانی جوو بە باشی توانیویانە ئاینی جوو لە نێویاندا بڵاوبکەنەوە، هەروەها بوونی دەسەڵاتدارانی ناوچەکە بە تایبەتی پاشاکانی ئەدیابین بە جوو، خەڵکی دیکەشی بۆ ناو ئاینی جوو بەدوای خۆدا ڕاکێشاوە.

هەرچی سەبارەت بە دەستەواژەی کوردی جووە ئەوا بۆچوونێک پێیوایە ئەمە دەربڕینێکی گونجاو نییە، بەڵکو جووی بە کوردیکراو هەیە، لە بنەڕەتدا لەو دیلانەن کە ئاشوورییەکان لە ئۆرشەلیم هێنایانن، هەروەها خاوەنی ئەو بۆچوونە پێیوایە ئەو کەسانەی ئەوە دەڵێن هەندێک کوردی بە زایۆنی کراون (حبيب، ٢٠١٥: ٤٤٥)، بەمەش ئەم بۆچوونە ئەو تێزە ڕەتدەکاتەوە کە بەدەر لەو جووە بەدیلهێنراوانەی فەلەستین هیچ ڕەگەزێکی دیکەی ناوچەکە تێکەڵی ئەوان بووبێت و بەهۆی ئاینەوە لە بۆتەی ئەواندا توابێتەوە.

وەک ئەو نموونانەی لە دەوروبەر هەن کە پێش ئیسلام جووەکان هاوسەرگیریان لەگەڵ عەرەبەکانی کەنداو هەبووە و بە پێچەوانەشەوە (الربيعي، ٢٠١٩: ٦٢)، دەشێ لەو سەردەمە ئەو هاوسەرگیرییە بە ڕادەیەک لە کوردستانیش هەبووبێت، بەو جۆرە بەشێک لە کورد لە ڕێگەی دایکەوە چووبنە ناو ئاینی جوو یان تێکەڵبوونێک لە نێوان ڕەگەزەکان دروستبووبێت، بەڵام پێناچێت ئەمە لە سەردەمی ئیسلام لە ناوچەکەدا مابێت، چونکە دوای موسڵمانبوونی زۆرینەی کورد ئیدی نموونەی وا نابینرێ کچەکانیان هاوسەرگیریان لەگەڵ جوویێک کردبێت و چووبێتە سەر ئاینی هاوسەرەکەی، ئەگەر هەشبێت ئەوا لە سەدەی سێزدەمی

زایینی بەولاوە بەهۆی داخرانی ئاینەکە منداڵەکانیان نەدەبوونە جوو، چونکە لەو کاتە بەدواوە لای ئەوان جووایەتی لە دایکەوەیە، بەمەش ناسنامەی جووایەتی لە رێگەی رەگەزەوە دیاردەکرێ. لەلایەکی دیکەشەوە، جووەکان کچەکانیان رێگەپێدراونەبوون هاوسەرگیری لەگەڵ غەیرە جوو بکەن مەگەر ئاینی خۆیان گۆڕیبێت بۆ سەر ئاینی هاوسەرەکەیان. لە ڕاستیشدا تارادەیەک تەنها موسڵمانەکان ژنی جوویان هێناوە، ئەویش بە مەرجی موسڵمانکردنیان، لەوبارەشدا رێگەی تێناچێ کوڕ و نەوەکانی ئافرەتەکە یان هاوسەرەکەی چووبنە ناو ئاینی جوو، بەڵکو لەسەر ئاینی باوکەکانیان بوون، چونکە سروشتی مرۆڤ وایە لە پێگەی کۆمەڵایەتیی بەرز خۆی دانابەزێنێتە پێگەی خوارتر و هەردەم هەوڵی خۆی بەو لایەدا دەشکێنێتەوە کە دەسەڵاتدار و خاوەن پێگەیە، لە ناوچەکەشدا کۆمەڵگەی زۆرینە موسڵمان خاوەن پێگە و دەسەڵات بووە نەک کەمینەی جوو، بەڵام دەکرێ لەو سەردەمانەی جووەکان وەک ئاین باڵادەستییان هەبووە هەڵوێستەکە پێچەوانە بووبێت.

لەلایەکی دیکەشەوە، پاڵپشت بەوەی کە ئاینی جوو داخراوە و کەسێک دایکی جوو نەبێت ناتوانێت ببێتە جوو، لەکاتێکدا لای کورد بە پێچەوانەوە لەرێی باوکەوە رەگەز دیاردەکرێت، بەپێی ئەو بەڵگانەی سەرەوە پێشتر ئاینەکە داخراو نەبووە و خەڵکی دیکە ئاینیان گۆڕیوە، چونکە خودی پەیامی ئاین بانگهێشتکردنی خەڵک و باوەڕپێهێنانیانە، تەنانەت کاتێک مەسیحیەتیش هات ئاینی جوو زیاتر سووربوو لەسەر بڵاوکردنەوەی ئاینەکەیان لەنێو رەگەزە جیاوازەکان و کەوتنە بەربەرەکانێی مژدەدەرە مەسیحییەکان و تا دژایەتییەکی توندیان لە نێوان دروستبوو، ئەو ململانێیەش بەردەوام بوو تاکو لە ناوەڕاستەکانی سەدەی سێزدەم بڵاوکردنەوەی ئاینی جوو داخرا (سوسة، ٢٠٠٣: ٤٤). ئەویش زیاتر مەبەست لێی پارێزگاری لە مانەوەیان بووە، بەڵام پێناچێت لە کوردستان دوای هاتنی ئیسلام خودی جووەکان کاریان لەسەر بڵاوکردنەوەی ئاینەکە کردبێت، بەڵکو هەموو هەوڵێکیان بۆ پاراستن و مانەوەی ئەوەی هەبووە چڕکردۆتەوە، بۆیەش لە ناوچەکە زووتر بەرەو داخراوی چوونە، جگە لەوەش نموونەیەک لە بوونی جووێک یان زانایەکیان لەنێو هۆزە کوردەکاندا نابینرێ کە توانیبێتی کاریگەرییان لەسەر دروستبکات و بیانهێنێتە سەر ئاینی جوو.

شیاوی باسە لە سەرەتاکانی سەدەی بیست و یەکدا، کۆمەڵێک زانای جیهانیی پسپۆری بواری بۆماوەزانیی مرۆڤ و بە سوودوەرگرتن لە تیۆری جۆراجۆر، لە ئەنجامی کۆمەڵێک توێژینەوە دەریانخستووە کە کورد نزیکترین رەگەزی نەتەوەن لە جووەکان، لە توێژینەوەکانیان ئاشکرایانکردووە کە کورد و جوو لە باپیرەیان هاوبەشن پێش چەند هەزار ساڵێک (گولیاموف، ٢٠١١: ٤٢٢-٤٢٣ ؛ میناسیان، ٢٠١٣: ٦٧)، ئەمەش

ڕەنگە بەهۆی تێکەڵبوونی ڕەگەزی کورد بێت لەگەڵ جووەکانی فەلەستین دوای ئەوەی چوونەتە سەر ئاینی ئەوان.

سەرەڕای هەموو ئەگەرێک جیاوازیی فەرهەنگ و کلتوور و دابونەریت و تەنانەت شێوە و سیمایان ئەوانی وەک پێکهاتەیەکی جیاواز دەرخستووە و خۆیان پاراستووە لە توانەوە، وێڕای کاریگەرییان بە ژینگەی کوردستان، بەڵام تا ئاستی سڕینەوەی ناسنامە نەکەوتوونەتە ژێر کاریگەریی فەرهەنگی کوردەوە، بە تایبەت لەو لایەنانەی شوناسی تایبەت بە خۆیان دەپارێزێ و دیاریدەکات، هەرچەندە لە هەندێ ڕووەوە لێکچوونیان لەگەڵ کورد زۆرە.

هەرچۆنێک بێت لە ڕووی فەرهەنگی و کلتوورییەوە زۆر شت جووەکان لە کورد جیاناکاتەوە، تا ئێساش بەشێکی زۆریان هەر پابەندی ئەو فەرهەنگە کوردییەن و سۆزیان بۆ ئەو خاکە هەرماوە، زۆر شت ئەوانی بە کورد و خاکەکەی گرێدابوو، ژمارەیەکی زۆریان هەڵگری ناسناوی کوردی و ناوچە کوردییەکان بوون، بۆ نموونە پاشناوی کوردی، ئەربیلی، کەرکوکلی، زاخۆیی، ئاکرەیی، بارزانی، سندۆری، قەرەداغی، خانەقینی و شارەبانی... هتد، بەڵام ئەو ناسناوەشیان هێندەی گوزارشت لەو شوێنانە دەکەن کە خۆیان و بنەماڵەکانیان تێیدا ژیاون هێندە گوزارشت لە ناسنامەی نەتەوەییان ناکات، هەروەک سەرچاوەکانی خۆشیان ئەمە پشتڕاست دەکەنەوە (מוזיאון העם היהודי، מקור השם קירקוקלי: ٢٠٢٢/٤/٧)، جگە لەوەی چەندین ناوی نێر و مێیان هەبوو کە لە بنەڕەتدا کوردی بوون، زمانی کوردییان زانیوە و قسەیان پێکردووە، بەڵام زمانی خۆشیان هەبووە کە شێوەزاری ئارامی بووە و بە تارگوم ناسراوە و هەمان شێوەزاری سەردەمی مەسیح بووە (سوسة، ٢٠٠١: ٣٣)، پۆشاکی کوردییان پۆشیوە، هەموو ئەمەش زادەی ئەو ژینگەیە بووە کە بە سەدان ساڵ تێیدا ژیاون و لە شێوازی ژیانیاندا لاسایی دانیشتووانی کوردستانیان، لە ڕووی نەژادییەوە نابنە بەڵگەی کوردبوونیان.

بە گشتی، لەبەرئەوەی بەڵگەی یەکلاکەرەوەی ڕەها نییە بیسەلمێنێ ڕەگەزی ئەو جووانەی لە فەلەستین بەدیلهێنراون بنەبڕ بووبن و ناوچەکەیان بەجێهێشتبێت، هەروەک چۆن ناتوانرێ ئەوەش ڕەتبکرێتەوە کە بەشێک لە دانیشتووانی ڕەسەنی ناوچەکە چوونەتە سەر ئاینی جوو، بەڵکو بەڵگەکان پێچەوانەکەی دەسەلمێنن، بۆیە دەتوانین بڵێین دەکرێ جووەکانی کوردستان لە ڕووی ڕەگەزەوە پێکهاتەیەکی تێکەڵ بن و ئاین بەیەکیەوە گرێیدابن، بەڵام بە زۆری لە پاشماوەی جووە دیلەکانی فەلەستین بوون و لە نەتەوە ڕەسەنە دێرینەکانی نیشتەجێی کوردستان نەبوون، بەڵکو لە دەرەوەی ئەو جوگرافییەوە هاتوون لەگەڵ ئەو کەمە بە ڕەگەز کوردانەی پەیوەندییان بە ئاینی جووەوە کردووە، کە بەهۆی زاڵبوونی تێزە ئاینییەکەوە ڕەگەزەکەیان کاڵبۆتەوە یان تواوەتەوە. لەو بارەشدا جووەکانی کوردستان هێندەی پێکهاتەیەکی ئاینی دەبن هێندە ئیتنی

نابن، چونکە لەو ڕووە پێکهاتەیەکی تێکەڵن، وەک چۆن لە ڕووی نەژادییەوە کوردی خاوێن نین ئاواش ڕەگەزی جووی خاوێن نین، بەڵکو ئەوەی ڕوونە جوو ئاینەکەیانە.

باشترین دەربڕین بۆ جووەکان ئەوەیە بە جووەکانی کوردستان یان جووە کوردستانییەکان ناوبهێنرێن، یان دەتوانین بڵێین دەستەواژەی کوردی جوو یان جووی کورد مەبەست جووی خاوەن پاشخانی فەرهەنگ و ڕۆشنبیری کوردییە.

تێبینیدەکرێت کۆمەڵگەی جوو لە کوردستان لە زۆر ڕووەوە جیاوازیش بووە لە کۆمەڵگەی جووی عێراق، لە ڕووکەشدا بە ڕوونی هەست بەو جیاوازییە دەکرێت، بەڵام ئاین ناسنامەی هاوبەشی نێوانیان بووە و کۆیکردوونەتەوە، بە تایبەتی سەردانیی شوێنە پیرۆزەکانی عێراق، هەروەها پەیوەندیی بازرگانی و هاوسەرگیریش هۆکارێکی دیکەی بەیەکەوە بەستنەوەیان بووە، وێرای ئەوەی زۆرجار جووەکانی کوردستان لە شارەکانی دیکەی عێراق نیشتەجێبوونە و لای جووەکانی ئەوێ کاریان کردووە چ کاری ناوماڵ یان لە باخچەکانیان و کاری جەستەیی (*Ammann, 2014: 271-300*).

شیاوی باسە لە ڕوانگەی زۆرێک لە نووسەر و ڕۆشنبیرانی کورد جووەکانی کوردستان بە کوردپەروەر هەژمارکراون، هەروەک مێژوونووس کەمال مەزهەر لە چاوپێکەوتنێکیدا ئاماژە بەوە دەکات کە جووەکانی کوردستان زۆر خزمەتی کورد و کوردایەتیان کردووە، تەنانەت وەک کورد ناویان دەهێنێت کاتێک باسی کوردەکانی ئیسرائیل دەکات، هەروەها دەڵێت زێرینگەرە کوردەکان هەموویان جوو بوون، ئەمەش وەک ئاماژەیەک بۆ ناساندنی ئەوان وەکو کورد و کوردپەروەر (قرگەیی، ٢٠١٣: ٩٠)، زۆرێکیش لەو خەڵکانەی ئاشنایان بوون، پێیانوایە جووەکان ڕۆحی کوردایەتیان لە کوردان بەرزتربووە، تەنانەت مامۆستاکانیان لە قوتابخانەکان لە ساڵانی سییەکان و چلەکانی سەدەی بیستەم زۆر باسی کوردستان و مەسەلەی نەتەوەییان بۆ قوتابیان کردووە، هەمیشە خۆیان بە کوردستانی دەرخستووە، لەم ڕووەوە نووسەرێک باسی یەکێک لە مامۆستا جووەکانی لە هەولێر دەکات بە ناوی سیۆن ئەفەندی کە چۆن لە کاتی کۆچکردنیان بۆ ئیسرائیل لە ساڵی ١٩٥٠-١٩٥١ دا کۆمەڵێک کتێب و گۆڤاری بە دیاری پێداوە و پێی گوتووە ئەوە دیاریی منە چونکە بە خوێندنەوەی ئەو کتێبانە دەتوانن ئەم کۆمەڵگەیە پێشبخەن، زۆر عەیبە لەو زەمەنە دەژین هەموو خەڵک بوونە خاوەنی دەوڵەت و ئاڵای خۆیان ئێمە هەروا لە دواوەین (عەزیز، ٢٠٢٢: ٣٦)، لەم هەڵوێستەی مامۆستا سیۆن جگە لە کوردپەروەری و خەمخۆری بۆ کورد، لە دەربڕینی "ئێمە هەروا لە دواوەین" خۆی بە بەشێک لە کورد و دۆزەکەی زانیوە.

دەبێ ئەوەش بڵێین کە جووەکانی کوردستان لە زۆر باردا خۆیان وەک بەشێک لە کورد ناساندووە، هەر بۆ نموونە یەکێک لە پزیشکەکانیان لە بەغدا کە لەدایکبووی ساڵی ١٩١٠ی عیمارە بووە لە بیرەوەرییەکانیدا

دەڵێت باوکی ناوی یەعقوب ڕەحمین دەروێش بووە و لە بنەڕەتدا کوردی خەڵکی قەڵای هەولێر بووە (درویش، ٢٠٢١: ١٤١)، لە زۆر لە تۆمارەکانی قوتابیان لە قوتابخانەکاندا باری نەتەوەیی قوتابیانیان بە کورد تۆمارکراوە (قوتابخانەی ئەربیل ئولا، تۆماری گشتیی قوتابیان)، تەنانەت هەندێکیان لە خەباتی ڕزگاریخوازی کوردیدا بەشدارییان هەبووە، بە تایبەتی لە شاری کۆیە لەپاڵ چەند کادیرێکی دیاری سیاسی کاریان کردووە و لە ڕیزەکانی پارتی دیموکراتی کوردستان کە وەک هێزێکی ڕزگاریخوازی کوردستان لە ناوەڕاست و کۆتایی چلەکانی سەدەی بیستەم دەستی بە چالاکی کردبوو ئەندام بوونە (علی، ٢٠١٣: ٤١ ؛ عەونی: ٢٠٢٢/١١/٢٧ ؛ محیەدین: ٢٠٢٣/٤/١)[xi].

جووەکان جۆرێک لە ئینتیمایان بۆ خاکی کوردستان هەبووە، هەندێکیان کاتێک کۆچیان کردووە بە زەحمەت توانیویانە ئەو خاکە بەجێبێڵن، یان خاک و خۆڵی کوردستانیان ماچکردووە و هەندێک خۆڵیان لەگەڵ خۆیان بردووە (زەرو: ٢٠٢٢/٢/١٣)، هەر لەژێر کاریگەریی ئەو ئینتیمایەی بۆ کورستان هەیانبوو، ژمارەیەکیان کۆچیان بۆ ئیسرائیل نەکرد و هەر لە کوردستان مانەوە، لەوانە بازرگانی ناسراوی جووەکانی سلێمانی شەلەمۆن کە خێزانەکەی تا مردن لە سلێمانی مانەوە بەبێ ئەوەی خۆی ببێتە موسڵمان (تۆفیق: ٢٠٢٢/١١/١٩) بەهەمان شێوە یەکێکیان لە مەندەلی بە ناوی میری یەهودی بەڵێنی بە خۆی دابوو کە لەسەر ئەو خاکە بژیت و بمرێت و بچێتە ژێر خۆڵی ئەو خاکە (المندلاوي، ٢٠٢٣: ٣١١)، ئافرەتێکیشیان لە دیانا کە بە فاتمە ناسرابوو تا ساڵی ١٩٩١ کەسوکاری هاتن بردیانەوە ئیسرائیل هەر لەوێ مابوو (یادەوەریی توێژەر)، هەروەها تا ئێستاش هەستی کوردبوون و خۆشەویستی بۆ کوردستان لای زۆر لە جووەکانی کوردستان لە ئیسرائیل هەر ماوە و خۆیان بە کورد دەزانن و کوردستانیش لە دوای ئیسرائیل بە نیشتمانی دووەم دەزانن (زەکەریا: ٢٠٢٢/٣/١٥)، خەڵکی دیکەش لە ئیسرائیل  هەر بە کوردیان دەزانن (زاکن، ٢٠١٣: ٣٢-٣٣)، تەنانەت ئەوانیش بە خۆیان خۆیان بە کورد دەزانن و دەستیان بە فەرهەنگ و کلتووری کوردییەوە گرتووە (ئۆفێر: ٢٠٢٣/٢/١٩) بگرە لە ئیسرائیلیش هێشتا ناسناوی عەشیرەت و شار و گوندەکان دەدنەپاڵ خۆیان و خۆیان بە بەشێک لەو عەشیرەت و شوێنانەی کوردستان دەزانن (یۆنا: ٢٠٢٢/١٠/١٤)، ئەمەش تارادەیەک بەرەو دیاریکردنی ناسنامەی ئەوانمان دەبات کە خۆیان بڕیاریان لێداوە، بەڵام پرسیار ئەوەیە ئەگەر لە فەرهەنگ و پاشخانی ڕەچەڵەکیان ئەو فەرهەنگە نەبێت چۆن هەمیشە خەونیان بە زەوی بەڵێنپێدراو کە فەلەستینە دەبینی، وێڕای هەموو فشار و پاڵنەرەکانیش چۆن هەموویان دەستبەرداری خاکێک بوون کە خۆیان بە خاوەنی دەزانی، چۆن هەستی خۆبەنامۆبینین لەسەر ئەو خاکە بەسەریاندا زاڵبووە، کەواتە لێرەدا ئینتیما بۆ ئاین کاریگەرییەکەی زیاترە لە ئینتیما بۆ خاکێک کە تێیدا لەدایکبووە و ژیاوە تەنانەت بۆ نیشتیمان و نەتەوە سەبارەت بە جووە بە ڕەگەز کوردەکانەوە.

دەکرێ بڵێین ئەو خەڵکانەی بە ڕەگەز دانیشتووی کوردستان بوون چوونەتەسەر ئاینی جوو، لەبەر کەمیان لەبۆتەی زۆرینە جووە بە ڕەگەز بەدیلهێنراوەکانی فەلەستین تواونەتەوە، هەمان خەسڵەتی ئەوانیان هەڵگرتووە، واتە ئاین زاڵتر بووە بەسەر ڕەگەز و ڕەچەڵەک و نەتەوە و نیشتیمانیش، هەربۆیەش ئامادەبوون دەست لە زێدی سەدان ساڵە و شوێنی لەدایکبوونیان هەڵبگرن، بەڵام هەرگیز ئامادەنەبوون دەستبەرداری بیروباوەڕە ئاینییەکەیان بن، هەڵبەتە ئەمە بۆ هەموو خاوەن بیروباوەڕە ئاینییەکان ڕاستە.

هەرچۆنێک بێت جووەکانی کوردستان بە گشتی بە درێژایی ئەو مێژووەی تێیدا ژیاون پارێزگارییان لە شوناسی خۆیان کردووە و لەسەر ئاینی خۆیان مانەوە و پەیڕەوی یاسا و نەریتەکانی خۆیان کردووە، نهێنیی ئەو مانەوەیەش ئەوەبوو کە ژیانی ئاوارەیی و دوورە وڵاتی ئەو هێز و وزە و هەستەی پێدەبەخشین کە زیاتر وابەستەی بیروباوەڕ و نیشتیمانی خۆیان بن، چونکە بەدیلهێنان و لەدەستدانی نیشتیمانیان بە سووکایەتی و شکانی شکۆ دەزانی، بۆیە بەدوای گەڕانەوەی شکۆیەکەیاندا بوون، ئەویش بە خۆڕاگری و نەتوانەوە و پابەندبوونیان بە بیروباوەڕەکەیان دەکرا، کە دەبووە سەرچاوەی وزە بۆیان.

**ئەنجام:**

- ناسنامەی جووەکان لەسەر بنەمای بیروباوەڕی ئاینی بنیادنراوە، بەوپێیەی باوەڕیان بە خودا هەیە و خۆیان بە گەلی هەڵبژاردەی ئەو دەزانن، هەروەک زۆرێک لە جووەکانیش خۆیان بە تائیفەیەکی ئاینی وەسفکردووە، خۆشیان دەگەڕێننەوە سەر ئیبراهیم پێغەمبەر و موسا پێغەمبەر.

- لە دیدی ناسیۆنالیستەکانی جوو ئەندامەکانیان لە چەندەها تایبەتمەندیی کلتووری وەک ئاین و زمان هاوبەشن، بۆیە بانگەشەی نەتەوەبوون دەکەن، بۆچوونێکیش لە خەسڵەتی نەتەوە دایاندەماڵێت و بە خەڵکانێکی فرەنەتەوەی هاوئاین دایاندەنێن.

- جوو لەناو کورددا بۆتە ناوی ئاینی و ئیتنی گەلی جوو کە زۆرینەیان لە بنەڕەتدا پاشماوەی ئەو جووانەن کە لە سەردەمی ئاشوورییەکان بە دواوە لە فەلەستینەوە بە دیلی هێنراون بۆ کوردستان و لە ناوچەکەدا بڵاوبوونەتەوە، بەشێکیشیان بۆ دەربازبوون لە نەهامەتییەکانی کۆیلەبوونەوە ڕوویان لە کوردستان کردووە، بە تایبەت کە لە زۆربەی دونیا ئازاردەدران، بەڵام لە کوردستان ڕێزیان لێنراوە و پارێزگاریان لێکراوە، ئاینی یەهودیش هەر لەسەردەستی ئەوانەوە هێنرایە ناوچەکە.

- جووەکانی کوردستان وەک کەمینەیەکی ئاینی و ئیتنی لەو ماوە دوورودرێژەی لە ناوچەکەدا ژیاون توانیویانە ناسنامەی ئاینییان بپارێزن و بەو هۆیەشەوە لە ڕووی ڕەگەزیشەوە خۆیان لە توانەوە لە بۆتەی ئەوانی دیکە پاراستووە.

- لە قۆناغە جیاوازەکاندا بەشێک لە خەڵکی ڕەسەنی ناوچەکە ئاینی یەهودییان وەرگرتووە و بوونەتە جوو، بە تایبەتی لەپێش هاتنی ئاینی ئیسلامدا، ئەمەش ئەگەری تێکەڵبوونی ڕەگەزی دیکە لەگەڵ ڕەگەزی جووە بەدیلهێنراوەکانی فەلەستینی زیاتر کردووە.

- لەبەرئەوەی پاشماوەی جووە بە دیلهێنراوەکانی فەلەستین لە کوردستان ماونەتەوە، بۆیە ئەو جووانەی لە کوردستان هەبوون لە ڕووی ئیتنییەوە لەگەڵ کورد جیاوازن، هەرچەندە ئەگەری تێکەڵبوونی ڕەگەزەکانیش هەیە، بەڵام ڕەگەزی جووە ڕەسەنەکە زاڵبووە.

- زۆرینەی ئەوانەی لە کوردستان لەسەر ئاینی جوو ماونەتەوە جووە بە ڕەگەز فەلەستینییەکان بوونە بەو پێیەی خۆیان بە خاوەنی ئاینی یەکتاپەرستی و هەڵبژێردراوی خودا دەزانی، ڕەگەزە ڕەسەنەکانی کوردستان کە چووبوونە ناو ئاینی جوو، زۆرینەیان لە دوای هاتنی ئاینی ئیسلام بوونە موسڵمان و دەستبەرداری ئاینی جوو بوونە.

---

[i] – پەرتووکی دروستبوون- پەیدابوون (سفر التكوين) یەکەم پەرتووک (سفر)ی پەیمانی کۆنە (تەورات)، تێیدا باس لە چۆنیەتیی دروستکردن و پەیدابوونی گەردوون و مرۆڤ لەلایەن خوداوە کراوە.

[ii] – پەیمانی نوێ- العهد الجديد بریتیە لە کتێبی ئینجیلی مەسیحی، لەگەڵ پەیمانی کۆن کتێبی پیرۆز پێکدێنن.

[iii] – ناوی سەعید یوسف فەیومیە (٨٣٣-٩٤٣) لە گوندی فەیوم لە میسر لەدایکبووە، یەکەم کەس بووە فەلسەفەییەکی ئاینی یەهودی تەواوی لەبارەی بنەماکانی بیروباوەڕی یەهودی دانا. یەکەم کەسیش بووە پەیمانی کۆنی وەرگێڕاوەتە سەر زمانی عەرەبی و ڕاڤەی بۆ زۆربەی بەشەکانی کردووە (المسيري، ٢٠٠٥: ٣٨).

[iv] – حەفت مەڵبەندە سەرەکییەکەی ڕۆژهەڵات کە جووەکانی تێدا نیشتەجێبوون بریتین لە: کوردستان، عێراق، ئێران، ئەفغانستان، بوخارا، یەمەن و عەدەن.

[v] – لێکدانەوەیەک هەیە پێیوایە ئەو شوێنانەی ناویان دەهێنرێن مەبەست کوردستان و مەملەکەتی میدیا نییە و بەهەڵە وەرگێڕانیان بۆ کراوە، بەڵکو ئەو ناوچانەی جووەکانی بۆ ڕاگوێزراون یەمەن بووە، لەمەشدا پشتی بە هێنانەوەی هەندێ ناو لە یەمەن کە نزیکن لەو ناوانەی لەناو دەقەکە هاتوون بەستووە، بەڵگەیەکی دیکەی ئەوەیە کە هیچ کات وڵاتی میدیا لەژێر دەسەڵاتی ئاشوورییەکان نەبووە تاکو دیلەکان بۆ ئەوێ بگوازێتەوە، ئەمە لە کاتێکدایە کە تەورات بە ڕوونی ناوی میدیای هێناوە.
بۆ زانیاریی زیاتر بڕوانە: (الربيعي، ٢٠٢٠: ١٧٤-١٧٧)

[vi] – گرنگترین ئەو شوێنانەی ئەوکات جووەکانی لێ نیشتەجێبوون بە تایبەتی ئەوانەی ئاشوورییەکان هێنایان بریتی بوون لە ناوچەکانی ئامێدی، ئاکرێ، زاخۆ، دهۆک، بەرواری باڵا و

خواروو، دۆسکی و زێبار، دیارترین گوندەکانیشیان بریتی بوون لە گوندی (سندۆر) لە دهۆک، گوندی (بێتنور) لە بەرواری باڵا (الدملوجي، ١٩٩٩: ١٣٦-١٣٧ ؛ سوسة، ٢٠٠١: ٣٧)، جگەلەوەی تاکو ساڵانی چلەکانی سەدەی بیستەم گوندێک بە ناوی (ساسۆن) لە نزیک شێخ شەروان لە ناوچەی شەمامک هەبووە دانیشتوانەکەی جوو بوون (سمایل، ٢٠١٨: ١٨٥)، لە سنووری گوێڕی سەر بە مەخمور گوندێکیان هەبووە بە ناوی (شایان) کە ئێستا تەنها شوێنەواری ماوە (محمد و محمد، ٢٠٢٠: ١٤٦).

[vii] – دانیال یەکێک بووە لە پێغەمبەران لە ئۆرشەلیم لەدایکبووە و نەبۆخزنەسر لەگەڵ دیلەکان هێناویەتە بابل، لە سەردەمی میدی و فارسەکان پلەی باڵای هەبووە، بۆیە زەعیمەکانی دیکە لێی کەوتوونەتە پیلانگێڕی، لە ئەنجامدا خرایە بیری شێرەکان، بەڵام خودا ژیانی ڕزگارکرد، سەبارەت بە گۆڕەکەی یەکێک لەو ڕایانە کە لای جووەکان و مێژوونووسەکانیشیان پەسەندبووە گۆڕی دانیال لەگەڵ گۆڕی هاوڕێکانی حنینا، میشائیل و عەزریا لە کەرکوکە، شوێنەکەشی دیارە و جوو و موسڵمانەکانیش سەردانیان دەکرد (محیمید، ٢٠٢٠: ٣٢-٣٥).

[viii] – تەلموود گرنگترین و پیرۆزترین کتێبی ئاینیی جووەکانە، ڕاڤەی حاخامەکانە بۆ شەریعەتی نووسراو (تەورات)، کە بریتییە لە تۆمارێکی گفتوگۆی حاخامەکان لەبارەی شەریعەتی یەهودی، ڕەوشت و نەریت و ئەفسانە و چیرۆکەکان، بە کەلەپووری جووەکان دادەنرێت، سەرچاوەی سەرەکیی یاسا و نەریتەکان و مێژوو و ڕێنماییە ڕەوشتییەکانە، دوو پێکهاتەی سەرەکیی هەیە (مەشنا و جمارا)، جماراش دوو جۆرە (فەلەستینی یان ئۆرشەلیمی و بابلی) (ایبش، ب.س: ٢٥-٣٠).

[ix] – باس لەوەدەکرێت کە حەنینا بازرگانێکی جوو بووە و بەهۆی تێکەڵاوی لەگەڵ خێزانی پاشاکانی ئەدیابین کە جگە لە بازرگانی هەوڵی بڵاوکردنەوەی ئاینی جووی داوە، توانیویەتی بەهۆی تێکەڵاوی زۆری لەگەڵ خێزانی شانشینەکە سەرنجیان ڕابکێشێت و بیانهێنێتە سەر ئاینی جوو، ئیتر لە ساڵی ٣٠ ی زاینی ئەدیابین ئاینی جووی وەک ئاینی فەرمیی شانشینەکەیان ناساند (ڕۆژنامەی باس. ژ(٤٦٥)، ٢٠٢٠/٢/١١: ١٧).

[x] – هێلینا دوای مردنی لەسەر داوای خۆی لە ئۆرشەلیم (قودس) نێژراوە دوای ئەوەی لەلایەن کوڕەکەی مۆنۆباسیسی دووەم تەرمەکەی نێردرایە ئەوێ، لەو کۆتاییانەدا لە گۆڕستانی ئەهرام (ئێستا ناوی گۆڕستانی پاشاکانە) گۆڕێک دۆزراوەتەوە بە ئارامیی کۆن لەسەری نووسراوە گوایە گۆڕی هێلینایە (قادر، ٢٠٠٧: ٢٠).

[xi] – لەنێو ئەو جووانەی کۆیە کە لە ڕێکخستنەکانی پارتیدا بوون (ناحوم) ناوێک بوو پەیوەندییەکی زۆر بەهێزی لەگەڵ ئەندامە باڵاکانی پارتی هەبووە، تەنانەت ماڵەکەی بۆتە پەناگە و شوێنی کۆبوونەوەی ئەندامە نهێنییەکانی پارتی لەو شارە (عەونی: ٢٠٢٢/١١/٢٧)، جگە لەوە ناوی چەند جوویەکی دیکەی شارەکە دەهێنرێت کە لە ڕێکخستنەکانی ئەو پارتەدا بوون، وەک سەدیقی لاولاو، عەبدی شەنتۆ، ئیسحاق نیزری کوڕی سەلمان چاتا و چەندانی دیکەش (علی، ٢٠١٣: ٤١)، بەرپرسی ڕێکخستنی جووەکانی پارتیش ئەحمەدی حەمەی مەلا بوو (محیەدین: ٢٠٢٣/٤/١).

## لیستی سەرچاوەکان:


١. القران الكريم.

٢. کتێبی پیرۆز، پەیمانی کۆن (تەورات).

٣. کتێبی پیرۆز، پەیمانی نوێ (ئینجیل).


## سەرچاوە بە زمانی کوردی:


٤. ئاکرەیی، حیکمەت مەلا یاسین (٢٠١٢) *ئاکرێ درۆپەلێن دیرۆکێ دا*، چ١، دهۆک، چاپخانا خانی.

٥. ئالویان، زۆرابێ بودی (٢٠٠٢) *کورتە دیروکا جهودێن کوردستانێ*، گۆڤارا هاڤیبوون، ژ(١١).

٦. ئیزەدی، میهردادی (٢٠٠٧) *چەردەباسێک لەبارەی کوردانەوە*، و: ئەمین شوان، چ١، سلێمانی، چاپخانەی دەزگای چاپ و پەخشی سەردەم

٧. بەحر، سەمیرە (٢٠٠٧) *سەرەتایەک بۆ ناسینی کەمینەکان*، گۆڤاری سەنتەری لێکۆڵینەوەی ستراتیجی، ژمارە (٥١).

٨. بەرزەواری، دەشتی (٢٠٠٩) *یەهودییەکانی کوردستان*، گۆڤاری پێشکەوتن، ژمارە (١٥٥).

٩. قوتابخانەی ئەربیل ئولا، *تۆماری گشتی قوتابیان*، مۆزەخانەی پەروەردەی هەولێر.

١٠.دوبنۆڤ، سیمۆن مارکۆڤیچ (٢٠٢٠) *کورتە مێژووی جوو*، و: د.دلێر ئەحمەد حەمەد، چ١، هەولێر، ناوەندی ئاوێر.

١١.ڕۆژنامەی باس، ژ(٤٦٥)، ٢٠٢٠/٢/١١.

١٢.سمایل، عەباس سلێمان (٢٠١٨) *مێژووی دەشتی هەولێر*، ب٢، چ١، هەولێر، چاپخانەی منارە.

١٣.علی، برزان (٢٠١٣)، *جولەکەکانی کۆیە ڕەگێکی زیندووی کوردناسی-مان*، گۆڤاری (کوردناسی)، ژمارە(١).

١٤.عەزیز، نەژاد عەبدوڵلا (٢٠٢٢) *کوردبوونی جووەکانی هەولێر*، گۆڤاری دیوان، ژمارە(١١).

١٥.قرگەیی، زانیار سـەردار (٢٠١٣) *دکتۆر کەمال مەزهەر ئاوڕ لە مێژوو دەداتەوە "وتووێژ لەگەڵ زانا و مێژوونووسی ئەکادیمی کورد کەمال مەزهەر"*، چ١، سلێمانی، چاپخانەی شڤان.

١٦.کاکەسوور، محەمەد عەبدوڵلا (٢٠٠٢) *کاریگەری ئایینی جوولەکە لەسەر نووسینی مێژووی کورد*، گۆڤاری سەنتەری برایەتی، ژمارە (٢٣).

١٧.کوردە، بەرزان ئەحمەد (٢٠١٩) *کورتە مێژووی جوولەکەکانی کوردستان*، چ١، سلێمانی، چاپخانەی کارۆ.

١٨.مایی، ڕێبەر و زێباری، محەمەد ساڵح (ب.س) *بیروباوەرێن ئایینی ل کوردستانێ هەر ژ چەرخێن بەری بێن کەڤن هەتا هاتنا ئیسلامێ*، دهۆک، کتێبفرۆشی جزیری، کۆپیگەها جیهان گرۆپ.

١٩.محمد، نەهرۆ ئیسماعیل و محمد، شێروان عبدالرحمان (٢٠٢٠) جوەکانی *لیوای هەولێر (١٩٢١-١٩٥٢)*، گۆڤاری زانکۆ بۆ زانستە مرۆڤایەتییەکان، بەرگی ٢٤، ژمارە (٤)، زانکۆی سەلاحەدین.

٢٠.میناسیان، سیرغی (٢٠١٣) *سەرەتاکانی بڵاوبوونەوەی ئایینی جوو لە کوردستاندا*، و: ماجید خەلیل، گۆڤاری (کوردناسی)، ژمارە (١)..

٢١.مەزهەر، سلێمان (٢٠٠٨) چیرۆکی *ئایینەکان*، و: لوقمان حاجی قادر، چ١، سلێمانی، دەزگای چاپ و پەخشی سەردەم.

٢٢.هاوار، محەمەد ڕەسوول (٢٠٠٧) بیرەوەری *"کوێرەوەری و بیرەوەری، هۆرەی دەروێشی یاخی، لەگەڵ مامۆستا تۆفیق وەهبی دا"*، ئامادەکردنی: سدیق ساڵح، سلێمانی، لە بڵاوکراوەکانی بنکەی ژین، چاپخانەی شڤان.

**سەرچاوە بە زمانی عەرەبی:**

٢٣.أحمد، محمد خليفة حسن (١٩٩٨) *تاريخ الديانة اليهودية*، ط١، القاهرة، دار قباء للطباعة والنشر والتوزيع.

٢٤.أدي شير، أدي (٢٠٠٧) *تاريخ كلدو واثور*، ج١، ب.م، ب.مط.

٢٥.ايبش، أحمد (ب.س) *التلمود كتاب اليهود المقدس*، دمشق، دار قتيبة.

٢٦.براور، اريك (٢٠٠٩) *يهود كردستان*، أكمله وأصدره: رافائيل پاتاي، ت: شاخوان كركوكي و عبدالرزاق بوتاني، ط٢، أربيل، دار ئاراس للطباعة والنشر.

٢٧.بيومي، وائل (٢٠١٦) *موسوعة تاريخ اليهود*، ط١، الجيزة، دار نفرتيتي للنشر والتوزيع.

٢٨.التكريتي، ياسين طه ظاهر (٢٠٢٢) *لمحات من تاريخ يهود بغداد ٧٦٢-١٩٥٢*، ط١، بغداد، دار ومكتبة عدنان.

٢٩.حبيب، كاظم (٢٠١٥) *يهود العراق والمواطنة المنتزعة*، ط١، ايطاليا- ميلانو، العراق- بغداد، منشورات المتوسط.

٣٠.درويش، سليمان (٢٠٢١) *كل شيء هاديء في العيادة- منكرات يهودي عراقي*، ط١، بيروت، مكتبة النهضة العربية للطباعة والنشر والتوزيع- بغداد.

٣١.الدملوجي، صديق (١٩٩٩) *امارة بهدينان الكردية أو امارة العمادية*، تقديم ومراجعة: عبدالفتاح علي بوتاني،ط٢، اربيل، دار ئاراس للطباعة والنشر، مطبعة وزارة التربية.

٣٢.الربيعي، فاضل (٢٠٢٠) حقيقة *السبي البابلي الحملات الاشورية على الجزيرة العربية واليمن*، ط٢، بيروت-بغداد، دار الرافدين.

٣٣.الربيعي، نبيل (٢٠١٩) *تاريخ يهود الخليج (البحرين- عمان- الاحساء- الكويت)*، ط١، بيروت، دار الرافدين.

٣٤.رجوان، نسيم (٢٠١٨) موجز *تأريخ يهود العراق من سبي بابل الى نزوحهم عام ١٩٥١*، ط١، بغداد، دار ميزوبوتاميا.

٣٥.رشيد، جمال (١٩٨٤) *دراسات كردية في بلاد سوبارتو*، بغداد.

٣٦.الرفاعي، فؤاد بن سيد عبدالرحمن (ب.س) حقيقة *اليهود*، ب.م، دار صلاح الدين.

٣٧.زاكن، مردخاي (٢٠١٣) *يهود كردستان ورؤساؤهم القبليون "دراسة في فن البقاء"*. ت: سعاد محمد خضر، ط٢، بيروت، المركز الاكاديمي للأبحاث.

٣٨.سوسة، أحمد (١٩٨٦) *حياتي في نصف قرن*، ط١، بغداد، دار الشؤون الثقافية العامة.

٣٩. سوسة، أحمد (٢٠٠١) *ملامح من التاريخ القديم ليهود العراق*، بيروت، المؤسسة العربية للدراسات والنشر.

٤٠. سوسة، أحمد (٢٠٠٣) *أبحاث في اليهودية والصهيونية*، اربد- الاردن، دار الأمل للنشر والتوزيع.

٤١. سوسة، أحمد (٢٠١٤) *مفصل العرب واليهود في التاريخ*، ط١، بيروت، دار الوراق للنشر.

٤٢. شاحاك، اسرائيل (٢٠١١) *الديانة اليهودية وتاريخ اليهود وطأة ٣٠٠٠ عام*، ت: رضى سلمان، ط١٠، بيروت، شركة المطبوعات للتوزيع والنشر.

٤٣. طعيمه، صابر (ب.س) *بنو اسرائيل في ميزان القران الكريم*، بيروت، دار الجيل.

٤٤. عطا، زبيدة محمد (٢٠٠٣) *اليهود في العالم العربي "دراسة تاريخية في قضايا الهوية – الاندماج – القدس"*، ج١، ط١، الجيزة، عين للدراسات والبحوث الانسانية والاجتماعية.

٤٥. عطو، نوري بطرس (٢٠١١) *تأريخ حدياب*، ط١، اربيل، مطبعة المنارة.

٤٦. العلوجي، عبدالكريم (٢٠١٠) *تاريخ اليهود في العراق*، القاهرة، مكتبة جزيرة الورد.

٤٧. علي، بيداء عباس (٢٠٢٠) *الجذور التاريخية ليهود كردستان في نينوى عاصمة الامبراطورية الاشورية دراسة تطبيقية في نصوص الكتاب المقدس*، مجلة لارک للفلسفة واللسانيات والعلوم الاجتماعية، المجلد (٤)، العدد (٣٩).

٤٨. عيد، يوسف (١٩٩٥) *موسوعة الأديان السماوية والوضعية (٥) الديانة اليهودية*، ط١، بيروت، دار الفكر اللبناني.

٤٩. القنديداد (٢٠٠١) *كتاب القنديداد اهم الكتب التي تتألف بها*، نقله من الفرنسية: داود الجلبي، قدم له: جرجيس فتح الله، ط٢، أربيل، دار ئاراس.

١. قادر، هەڵویست عمر (٢٠٠٧) *يهود كردستان "تاريخهم، مواقعهم، اعمالهم، صورهم"*، السليمانية، مؤسسة حمدي للطباعة والنشر.

٥٠. گولياموف، صلوات (٢٠١١) *اريا القديمة و كوردستان الأبدية (الكرد من أقدم الشعوب)*، ت: د.اسماعيل حصاف، ط١، اربيل، مطبعة رۆژهەڵات.

٥١. لوبون، غوستاف (٢٠١٩) *اليهود في تاريخ الحضارات الأولى*، ت: عادل زعيتر، الجيزة، مكتبة زهران.

٥٢. لومير، أندريه (٢٠١٦) *تاريخ الشعب العبري*، ت: أنطوان أ. الهاشم، بيروت، عويدات للنشر والطباعة.

٥٣. مجموعة *قانون الطائفة الاسرائيلية رقم (٧٧) لسنة ١٩٣١ و نظام الطائفة الاسرائلية رقم (٣٦) لسنة ١٩٣١* (١٩٣٢) طبعته الجمعية الخيرية الاسرائيلية ببغداد.

٥٤. محيميد، وسن حسين (٢٠٢٠) مكانة *المراقد اليهودية في المجتمع العراقي دراسة تاريخية*، ط١، بغداد، دلير للنشر والطباعة.

٥٥. المسيري، عبدالوهاب (٢٠٠٥) *موسوعة اليهود واليهودية والصهيونية*، المجلد الثاني، ط١، القاهرة، دار الشروق.

٥٦.المندلاوي، حسين فيض الله (٢٠٢٣)، *مندلي سحر المكان وعبق الزمان*، ط١، أربيل، مطبعة جامعة صلاح الدين.

٥٧.مهران، محمد بيومي (٢٠١٦) *بنو اسرائيل، ج١، التاريخ منذ عصر ابراهيم وحتى عصر موسى عليهما السلام*، الاسكندرية، دار المعرفة الجامعية.

٥٨.التطيلي، بنيامين بن يونة (٢٠١٤) *رحلة بيامين التطيلي٥٦١-٥٦٩ هـ/ ١١٦٥-١١٧٣م*، ترجمها عن العبرية: عزرا حداد، تحقيق: د. منذر الحايک، دمشق، دار صفحات.

٥٩.هنكتون، صموئيل (٢٠٠٥) من نحن، *التحديات التي تواجه الهوية الامريكية*، ت: حسام الدين خضور، ط١، دمشق، دار الحصاد.

٦٠.اليهودي، يوسيفوس (٢٠٠٦) *تاريخ اليهود*، ط١، شركة الطباعة المصرية.

**سەرچاوەکان بە زمانی ئینگلیزی:**

٦١. *Lost – Communities Jewish Kurdish The* , Birgit (2014) Ammann *Mainstream, the Beyond Kurdistan: in (Religious Minorities in Forever,* Omarkhali, Wiesbaden, Harrassowitz Verlag. Khanna by: Edited

٦٢. Fischel, Walter J. (1944) *The Jews of Kurdistan a Hundred Years Ago: A* Indiana University *Traveler's Record*, Jewish Social Studies, Vol. 6, No. 3, Press. (www.jstor.org).

٦٣. Geertz, Clifford (1963) *The Integrative Revolution: Primordial Sentiments and Civil Politics in the New States. In: Old Societies and New States: The Quest for Modernity in Asia and Africa*, The Free Press of Glencoe and London.

٦٤. Griffith, M. E. Hume (1909) *Behind the Veil in Persia and Turkish Arabia*, London, Seeley and Co. Limited, Printed by Ballantyne, Hanson & Co. Edinburgh.

٦٥. Layton, Douglas (1994) *Kurds in the Bible*, Servant Group International, printed by Franklin Graphics and Rutledge Hill Press.

٦٦. Linton, Ralph (1945) *The Science of Man in the World Crisis*, New York, Columbia University Press.

٦٧. Schermerhorn, R.A (1959) *Minorities: Europe and American*, The Phylon Atlanta Clark By: Published Qtr., $2^{nd}$ 2, No. 20, Quarterly, Journal, Vol. University.

**چاوپێکەوتنەکان:**

٦٨.ئۆفیر (٢٠٢٢/٢/١٩)، *چاوپێکەوتنی ئۆنڵاین*، (سۆران –ئیسرائیل).

٦٩.تۆفیق، حاجی مەجید (٢٠٢٢/١١/١٩)، *چاوپێکەوتن*، سلێمانی.

٧٠.زەرو، ئەحمەد عەبدوڵڵا، *چاوپێکەوتن*، دهۆک، ٢٠٢٢/٢/١٣.

٧١.زەکەریا، سدیق (٢٠٢٢/٣/١٥)، *چاوپێکەوتنی ئۆنڵاین*، (سۆران- ئیسرائیل).

٧٢.عەونی، فەرهاد (٢٠٢٢/١١/٢٧)، *چاوپێکەوتن*، هەولێر.

٧٣.محیەدین، کەمال (٢٠٢٣/٤/١)، *چاوپێکەوتن*، هەولێر.

**٧٤**.یۆنا، ڕۆنێن (٢٠٢٢/١٠/١٤)، *چاوپێکەوتنی ئۆنڵاین*، (سۆران- ئیسرائیل).

**مۆزەخانەی گەلی جوو מוזיאון העם היהודי:**
٧٥. מקור השם קירקוקלי ٢٠٢٢/٤/٧،
https://dbs.anumuseum.org.il/skn/he/c6/e19788369/%D7%A9%D7%9D_%D7%9E%D7%A9%D7%A4%D7%97%D7%94/%D7%A7%D7%99.
٧٦. קהילת יהודי כרכוך، ٢٠٢٢/٤/١٨،
https://dbs.anumuseum.org.il/skn/he/c6/e152454/%D7%9E%D7%A7%D7%95%D7%9D/%D7%9B%D7%A8%D7%9B%D7%95%D7%9A.

**خلاصة البحث:**

توضح الدراسة التي تحمل عنوان هوية يهود كوردستان العراق هوية اليهود الذين عاشوا، كطائفة قديمة، في منطقة واسعة من كوردستان العراق لسنوات عديدة، محتفظين بهويتهم الدينية والعرقية رغم انقسامهم و كونهم أقلية.

واستنادا إلى الأدلة التاريخية، تحاول الدراسة إثبات الهوية الدينية والعرقية لليهود، وهو أمر مثير للجدل وتختلف آراء الخبراء في هذا المجال، بين من يعترف بالشعب اليهودي كقومية ومن يعتقد خلاف ذلک، و بين من يعرفونهم كجزء من القومية الكوردية ويعتقدون أن الفارق الوحيد بينهم هو الدين، وبين من يعتقدون أنهم من عرق مختلف، بالإضافة إلى الرأي القائل بأن قسما من الأمة الكوردية الأصلية اعتنقت اليهودية ويختلفون عنصريا عن اليهود الفلسطينيين الأصليين وكانت النقطة المشتركة بينهم هي الدين.

وأظهرت الدراسة أن العرق المهيمن ليهود كوردستان هي بقايا الأسرى اليهود الفلسطينيين الذين تم جلبهم إلى المنطقة منذ الفترة الآشورية وانتشروا في كردستان وتحول بعض أهالي المنطقة إلى اليهودية في مرحلة تاريخية.

الكلمات المفتاحية: اليهودية، كوردستان، الدين، العرق، الهوية.